پەیوەندی کورد و ئەرمەن
و
بێتاوانی کورد لەجینۆسایدی ئەرمەن

نوسینی

م.ئارام مەجید شەمێرانی

چاپی یەکەم

٢٠١٤

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : پەیوەندی کوردوئەرمەن و بێتاوانی کورد لەجینۆسایدی ئەرمەن

نوسەر: ئارام مەجید شەمێرانی

تایپ: نوسەر

هەڵەبڕ: نیهایەت عەلی

چاپ : یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٤

چاپخانە :گەنج

تیراژ : ١٠٠٠دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی سپاردنی(   )ساڵی ٢٠١٤وەرگرتووە

پێڕســــت

پێشكەش
وتەیەكی پێویست
پێشەكی
كوردەكان ئەرمەنیان پاراستوە نەك جینۆسایدی ئەرمەن
پەیوەندی كورد و ئەرمەن لەسەرتای سەدەی بیستەمەوە تاجەنگی یەكەمی جیاهانی
ئەرمەنەكان لەژێر بڕیاری سەرانی سێكوچكەی دیكتاتۆریەت دووچاری جینۆسایدكردن بوون
سەردەمی تۆڵەی ئەرمەن ولەناوبردنی جینۆسایدكەرانیان
ڕۆڵی شەریف پاشا لەبەهێزكردنی پەیوەندی كورد و ئەرمەن سیاسەتی توركیای كەمالی لەهەمبەر ئەو دوونەتەوەیە
دۆستایەتی و پەیوەندی ستراتیژی كورد و ئەرمەن لەكۆمەڵ خۆیبووندا
ئەنجام
پاشكۆ

پێشکەش بە:

- ئەو دوو کەسەی کەتێرنەبووم لەبینبنی ڕووخساریان دایك و باوکی لەیاد نەچووم لەویَ!
- ئەو براو خوشکانەی قــەلاّی ژیــانم بوون لەتەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنم .
- ئەو هاوسەرەی هاوناز و هاوخەمی خۆشی و ناخۆشی ژیانمە ((نیهایەت)).
- منداڵە چاوگەشەکانم(ئاریا ,داریا ,ئارتین)
- ئەو کەســەی ماندوو بونێکی زۆری چــەشت بۆ ناســادن و چارەسەری کێشەی کورد بەدەرەوە(شەریف پاشا)

وتەیەکی پێویست

ئـەم بابەتــەی بەردەســت و پـێش چـاوت کورتــەی توێژینەوەیــەکی مێژوویی سیاسیە بۆ بەدەست هێنانی پلەی (بەکالۆریۆس) لـەزانکۆی سلێمانی پەیوەندی کـورد و ئەرمـەن ١٩١٤-١٩٣٠،پلـەی (زۆربـاش) پێ وەرگیراوە بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆم گۆڕانکاریەکی باشــم تێــداکرد و لــەم بابەتــەدا هــەوڵم داوە ئەکادیمیانــە کــورت و پوختێکی گرنگ لەو توێژینەوەیە بنوسمەوە و بڵاوی بکەمـەوە بـەڵام ناونیشانەکەیم گـۆڕی بـەو شـێوەیەی کەئێسـتا هەیـە، ئـەم کارەشـم سەرەتا لەڕۆژنامەی بزووتنـەوەی ئیسـلامی بـڵاو کـردەوە و دەنـگ و سەدایەکی باشی دایەوە خوێنەران بەدوای ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەکـەدا دەگەڕان کە ئـەم بابەتـەی تێدا بـڵاو بوبویـەوە و وەدەسـت خۆشـی کرابـوو لــە دەسـتەی بەرێوەبـەری ڕۆژنامەکـە، ئەمـەش منـی زیـاتر خۆشــحاڵکرد کــە زیــاتر گرنگــی بــەم بابەتــە بــدەم و بــڵاوی بکەمەوە،هەرلەبـەرگرنگی بابەتەکـە جـارێکی تـر لـەژمارە هەشـتی گۆڤاری نوێبوون بڵاومکردەوە و دواجاریش پاش گۆڕاکاریەکی باشـتر و زیادکردنی چەندین دەقی گرنگتر لەژمارەبیست و هەشـتی گۆڤـاری

مێژوودا بلاۆم کردەوە بۆ ئەوەی خوێنـەرانی کـورد زۆرتـرین زانیـاری لەم بارەوە وەرگرن .

هاوکـات بـرای بـەڕێز و نوسـەر (ئەحمـەد ڕەنجیـار) داوای لێکـردم کەلەبەر گرنگی ئەم بابەتە ئەم کورتە توێژینەوەیە بکات بـەکتێبێکی بچـوك و بیخاتـە بەردەسـت خوێنـەرانی بـەڕێز بۆئـەوەی سـودی لێـوەرگرن چـونکە بەلایـەوە زۆربایەخـداربوو، بۆیـەمنیش لـەناخی دڵمـەوە زۆر سوپاسـی بـەڕێزیان دەکـەم کەلـە بەچـاپ گەیاندنیـدا هاوکاریکردم.لەوانەشە هەندێك کەس بپرسن ئـەم توێژینەوەیـە چۆن بەبێ نوسینی ناوی سەرچاوە و نوسەر کرا بەکتێب و بـلاۆ کرایـەوە؟ بەلاّم وەك لەسەرەتادا ئاماژەم پێکـرد ئەمـە کورتەیـەکی دەسـتکاری کراو و ئامادەکراویکە لەدوای تەواوکردنی زانکۆ سـودم لێـوەرگرتن و نوسیم بۆ ڕۆژنامەی بزووتنەوە دواتـر بەهەنـدێ دەسـتکاری و بۆزیـاد کردنێکەوە بەم شێوەیە ئامادەکراوە.

وەئەگەر کراو تەمەن باقی بێت لـەداهاتوودا بـە دەستکەوتنی چـەند سەرچـاوەیەکی بـاوەڕوپێکراوی تـر دووبـارە هەڵوەشـاندنەوە و نوسـینەوەی توێژینەوەکـە لـەدووتوێی کتێبێکـی زانسـتی باشـتردا دەیخەمـە بەردەسـت خوێنـەری بـەرێز و خزەمـەت نەتـەوە زوڵـم

لێکراوەکەم بۆ ئەوەی تەواوی ڕاستیەکان بسەلمێنم کە ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو تاهەنووکە هیچ نەتەوەیەکمان جینۆسایدنەکردوە و خاکی هیچ نەتەوەیەکمان داگیرنەکردوە و تالآن نەکردوە

پێشەکی

کورد و ئەرمەن دوو نەتەوەی خاوەن خاك و مێژوو و کەلتورو فەرهـەنگی خۆیـــانن و لـــەخاکێکی نزیـــك و هاوســـنورو پێگەیـــەکی جوگرافیـــدا دەژین،ئەمـەش بـەحوکمی لێـك نزیکـی و هاوسـنوری و نزیکیـان لـە دوو دەولّـەتی(عوسمانی– ئێرانی(فـارس) بۆخۆیـان دووژمـن و بـۆ ئـەم دوو نەتوەیـە دۆسـت، دووچـاری گـەلێك مـالّوێرانی و نەهامـەتی و تراژیـدیا و جینۆسایدکردن بوون بەهۆی هێرش و شالاّوەکانیان بۆ سەر خـاکی یـەکتر ئەمانیش لەونێوەندەدا دووچاری هەزارەها نەهامەتی و مەرگەساتی هاتن, ئەم دوو نەتەوەیە سەرەتایان لەپەیوەندی زۆر باش بوو پێکەوە بەئاشتی برایەتی دەژیان تەنانەت ئەرمەنەکان لەزۆرناچەی خۆیانـدا بەباشـی فێـری زمانی کوردی بوبوون و پـەیوەنـدی بازرگـانی و هاتوچـۆکردن لەنێوانیانـدا بەردەوام بوو بەلاّم دەولّـەتی عوسمـانی فاشـیزم چـاوی بـەم دوو نەتـەوە دراوسێیەدا نەدەهات و بەبەردەوامی لەهەولّی سڕینەوەی ڕەگەزی کورد و ئەرمەندا بوون هەموو پلان و هەولێکی لەپێناوەدابەکاردەهێنا،

 هەربەهۆی ئەو مالّوێرانی کاولکاریەی ئەم دەولّەتە بەسەریاندا هێناوبووی ئـەم دوو نەتـەوە مەزلّومـە چەوسـاوە زولـّم لێکـراوە دەولّـەتی عوسمـای

تورکیـان بـەدوژمنی سەرسـەختی هـەردوولا نـاودەبرد و مێژوونوسـنای هەردوونەتەوەکەش شاهیدی ئەم ڕاستیە بەڵگەنەویستەن.

ئەگـەر بـەوردی لاپـەرەکانی مێـژووی ئـەم دوونەتەوەیـە هەڵدرێتـەوە هەردوولایان لە (ئازار و ناخۆشی و ڕەشەکوژی و زیانی مادی و مەعنەوی) هاوبەشن، بەڵام ئەگەر ئەرمەن لەو قوناغەدا خاکیان دابەشکرابێت بـەدوو بەشەوە ئەوا ئێمەی کـوردی بێکـەس خاکمـان دابەشـکراوە بـۆ چـواربەش بەسەر چواردەوڵەتی دوژمنی سەرسەختی کوردا هەزارەها نەهامەتیشمان بەدەست ئەوانەوە چەشتوە،

ئـەو کارەساتەی بەسـەر ئـەم دوو نەتـەوەدا هـاتووە بەشـێکی گرنگـی لەڕووپـەری مێـژوو بۆخـۆی تۆمـارکردوە و شـەرمەزاریەکی باشـی بەبەرپرسـانی کارەسـاتەکانی ئـەم دوو نەتـەوە بەخشـیوە بەتایبـەت دەوڵـەتی عوسمـانی و ئیتیحادوتـەرەقی تـورکی وسـەرانی ئـەو ڕێکخـراوە نامرۆڤانەیـە وەك(ئـەنوەر و جـەمال و تەلعـەت پاشا)کەبەسێکوچـکەی دیکتـاتۆری ناسـرابوون، ئـەوان تـەنیا مەبەسـتیان لـەناوبردنی ئـەم دوو نەتەوەیـە نـەبوو بەتـەنیا بـەڵکو لەگـەڵ ئەوەشـدا خاکیـان دابەشـکردن و ڕایـان گوسـتن و سـەروماڵیان وێـران کـردن لەڕاسـتیدا نمونـەی ئـەم کـارە قیزەون و نامرۆڤانە لەمێژوودا کەمە.

ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی ئەو پرسیار و ڕاستیە بەڵگە نەویستەیە کەوا کێ بەرپرسیارە لەکوشتاری ئەرمەن؟وەلأمی ئەم پرسیارەش دەمێك بوو خولیای من بوو کەوەلأمی بدەمەوە بەپشت بەستن بەڕای مێژوونوسانی بێلایەن و ڕاستەقینە، چونکە هەندێك مێژوونوس و نوسەر بەکەمی و بچڕبچڕی باسیان کردوە نەیان وێراوە وەك ئەرکی سەرشانیان خۆیان لەقەرەی ئەوبابەتە هەستیارە بدەن و بیخەنەڕوو ئەمەش بەهۆی ترسنۆکی خۆیان یان داردەستیان بۆ ئەو دەڵەتەی ئەوکارەی کردوە وەهەندێکیشیا بێویژدانانەو بێگوێدانە بەهای مرۆڤایەتی پشتگیریان لەدەوڵەتی عوسمای سولّتانەکانی کردوە بۆ بەدەست هێنانی مەرامەگلأوەکانیان،

بەلأم بەخوێندنەوەی ئەم بابەتە ئەو ڕاستیە بۆ خوێنەری کورد ڕوون دەبێتەوە کەوا تورکی فاشی و سولّتانی عوسمانی سێکوچکەی دیکتاتۆری ئیتیحادوتەرەقی خاوەن بڕیارو هێزوسوپا بەرپرسیاری ئەو قەتلوعامەن بەسەر ئەم دوو نەتەوەیەدا هاتووە،وەجێبەجێ نەکردنی بڕیاری ئەوانیش مەرگی بەدواوە دەهات.

هەندێك دەڵێن کورد تاوانبارە بەلأم دەپرسم ئەی بۆچی ئەرمەنەکان لەدوایدا تۆڵەیان لەکورد نەکردەوە و یەك تاکی کوردیان لەسەر ئەوە لەکورد نەکوشت؟ وەك چۆن تۆڵەی خۆیان لەبەرپرسانی تاوانباری

جینۆسایکەرانی خۆیان کردوە لەکاتێکدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵهاتبوون و لەدەرەی دەوڵەتی هەڵوەشاوەی عوسمانی بوون بەلاّم خۆ کوردەکان (باکوری کوردستان) لەبەردەست و نزیکیان بوون تەنانەت یەك کەس لەکوردەکان وەك تۆڵە لەکورد نەکوژراوە، ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە لەم توێژینەوەیەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە.

ئارام مەجید عەلی

٢٠١٤

کوردەکان ئەرمەنیان پاراستوە نەك جینۆسایدکردنی ئەرمەن

مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەن بابەتێکی گرنگ و هەستیار و زیندوە لەڕابردو و ئەمڕۆدا,لێرەو لەوێ زۆری لەسەرنوسراوەو زۆری لەسەر وتراوە دەربارەی کۆمەڵکوژی ئەرمەن و بەشداری کردنی کورد و ناوهێنانی لەوکارە کۆمەڵکوژ و قێزەونەدا, زۆر نوسەرو مێژوونوس بێ ئاگایانە لەڕابردوو و لە مێژوو بێشەرمانە کوردیان خستوەتە بۆتەی ئەوتاوانە ڕەشەدژە مرۆڤایەتیە,بێ ئەوەی ئاگاداری پەیوەندی و هاوکاری و دۆستایەتی ئەم دوو نەتەوەیە بن,چونکە ئەوانە بەچاویلکەی تورکی و ڕۆژئاوا خوێندنەوە بۆڕووداوەکان دەکەن لەکاتێکدا ڕۆژئاوا خۆی ئاگاداری کێشەکە بوە کەچی لەئاستیدا بێدەنگی نیشانداوە, ئەمەش بەهۆی بەرژوەندی و سیاسەتی خۆیان بووە ! ! یان هەندێك کەس لەژێرسێبەری لا یەنێکی توندڕەو دژە کورد و بەکرێگیراو ئەو کارانە دەکەن و دەنوسن و هەڵی دەواسن,چونکە قسە بێدەسەلاّتەوهەموو کەس پێی دەوێرێت و دەتوانێت باق و بریقی پێ بدات و بیڕازێنێتەوە,

ئەوانە هەرگیز فێرنەبون بەچاوی واقعی و مێژووی ئاوڕ لەئارێشەو کێشەکان بدەنەوەو ڕاستیەکان وەك خۆی بگەیەنن و بینوسن کەوا کورد هەرلەسەرەتاوە دۆست و هاوکاری ئەرمەن بووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە

لەپاراستن و رزگارکردنی ئەرمەنەکان و پاراستنیان لەدەست دووژمنە سەرسەختەکەی هەردوولا کەتورك دەسەلأتدارانی دەولەتی عوسمنای بوون, ئەوانە هەرگیز زمانیان ڕاست نالێ و قەلەمیان واقعی نانوسێت و چاویان بەرای نادات کورد ببینێت و دوژمنی سەرسەختی کوردن و کەسایەتیە ناودارەکانی کورد بەسوك سەیردەکەن ,لەکاتێکدا ئەگەر چاوێك بەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کەئەوانە چەند بەپەرۆش بوون بۆهاوکاری ئەرمەن و پاراستنیان لەو مەترسیانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

پەیوەندیەکی نزیك لەنێوان هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن هەبووە و ئەم پەیوەندیەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەولەتی ماد،ئەوکاتەی کەدەولەتی میدیەکان بەهاوپەیمانی لەگەلّ دەولەتی کلدانیەکان(بابلی)توانیان ئیمپراتۆریەتی ئاشوری لەسالّی ٦١٢پ.ز بروخێنن و ئەوکات ئیدی ناوچەی ئەرمەنەکان دەکەوێتە ژێر دسەلأتی میرە ئەرمەنە خۆجێیەکان کە لەژێر دەسەلأتی ناڕاستەوخۆی میدیەکان دەبران بەڕێوە ئەمەش خالّێکی بەهێز بوو لەپەیوەندی کورد و ئەرمەن.

تەنانەت دوای ڕووخانی دەولّەتی مادو لەناوبردنی دەسەلاّتی ماد لەلایەن کۆڕشەوە،کۆڕش ئیمپراتۆری ئەخمینی دادەمەزرێنێت و بەم شێوەیە

کورد و ئەرمەن کەوتنە ژێر دەستی یەك فەرمانڕەوا،ئەمە بویە مایەی ئەوەی کە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن پەیوەندیەکانیان خۆش بکەن لەپێناو دژایەتی دەسەلآتی ئەخمینی زالّ و نوێدا،ئەوەبوو ئەرمەنەکان پشتگیریان لەشۆڕی (فرۆرتیش)ی میدی کرد،فرۆرتیش هاوپەیمانی لەگەلّ ئەرداشیشی حاکمی ئەرمەنەکان بەست و توانی دەست بگرێت هەندێك ناوچەی میدیاوە.

لەسەردەمی دەسەلآتی ساسانیدا کاتێك ئەردەشیر زۆربەری ناوچەکانی کورد و ئەرمەنی خستە ژێر دەستی خۆیەوە بەلاّم هەریەك لەکورد و ئەرمەن پێکەوە دژی شاپوری پاشای ساسانیەکان شۆڕشێکیان هەلّگیرساند بەلاّم شاپور شۆڕشەکەی لەنێوبرد،دواتر رۆمەکان هاوکاری تیردادی پاشای ئەرمەنیان کرد بۆ گەڕانەوەی ولآتەکەیان و کوردستانیش لەگەلّی،

دوای ئەوەی ئەرمینیا باوەڕ بەئاینی کریستی دێنێ بەلاّم ئەمە نابێتە هۆی دروست بوونی کێشەی ئاینی لەنێوان هەردوو نەتەوە ئەوکات کوردەکان هەموویان زەردەشتی بوون مێژووش هیچ کێشەیەکمان بۆناگێڕێتەوە بەو هۆیەوە یانە بەهۆکاری دیکە لەنێوان ئەم دوونەتەوەیە ڕوویدابێت.لەسەردەمی دەسەلآتی ئیسلامیشدا کە زۆر بەری کوردەکان بڕوایان بەئاینی ئیسلام هێناو ئەرمەنەکانیش لەسەر ئاینی کریستی

مانەوە پەیوەندیەکانی نێوانیان لەهاوکاری و خۆشگوزەرانی بەو لاوە هیچی دیکەمان بۆ ناگێڕنەوە،ئیدی لەو سەردەمە بەدواوە چارەنووسی کورد و ئەرمەن بەیەکەوە بەسترایەوە بەتایبەت لەڕووی ئابووری و کۆمەلأیەتی و کەلتووریەوە چونکە لەسنورێکی جوگرافی نزیك یەکدابوون،کوردو ئەرمەن بەیەکەوە ڕووبەڕووی هێرشەکانی تورك و تەتەر و مەگۆلەکان بوونەوە پێکەوە چارەنوسیان بویە یەك چارەنووس کەبوونە خاوەن کوشتن و بڕین و کاولکاری ئەمە بووەتە مایەی ئەوەی کە هەردووکیان ببنە خاوەنی یەك چارەنووس و یەك هەست.

بەم شێوەیە پەیوەندیە باشەکانی کورد و ئەرمەن بەردەوام بوو لەئاشتی و پێکەوەژیان و پەیوەندی برایانە،تادەگەینە سەدەی نۆزدەیم و سەردەمی بەدرخان پاشا و دامەزراندنی میرنشینەکەی.

سەرچاوەکان ئاماژە بوەدەکەن کەبەدرخان پاشا کەهانی کوردەکانی دەدا بۆ ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەرمەنەکان, وەڕۆژهەلأتناسی ئەڵمانی(جوهانس لیبسیۆن)لەساڵی ١٨٤٨ باس لەکوردو ئەرمەن دەکات و دەڵێت:دۆستایەتی پەیوەندیان هێندە خۆشبوو گەشتبوە ئاستی ژن و ژنخوازی،جگە لەوەش ئەرمەنەکان لای میر بەدر خان ڕێز وپایەیی تایبەتیان هەبوو تەنانەت بەچاوی کورد سەریی دەکردن و بۆیە هەندێك لەمێژوونوسان دەڵێن: بەدرخان پێی وابوە کورد و ئەرمەن یەك

ڕەچەڵەکن، بەهۆی ئەو ڕێزەوە وایکرد هەموو ئەرمەنەکان بچنە پاڵیەوە ئەویش پشتیا پێ ببەستێ و ببنەجێی متمانەی لەهەموو کاروبارەکاندا وەك ڕاوێژکار و فەرماندەی سوپا ئەمە لەکاتێکدابوو تورکەکان لەهەموو ئەومافانەبێبەشیان کردبوون،وەکاتێك عوسمانیەکان هێرش دەکەنە سەر شۆڕشەکەی بەدرخان ئەرمەنەکان شان بەشانی بەدرخان ڕووبەڕووی عوسمانیەکان وەستان و لەهەڵوێستە باش و جوامێریەکانیان پەشیمان و پاشگەزنەبوونەوە، وەلەڕاپەڕینەکەی یەزدان شێریش هەمان هەڵوێستیان هەبوو،تەنانەت لەسەردەمی شێخ عوبەیدولڵای نەهری بەهۆی هاوکاریەکانیانەوە پەیوەندیەکی دیکەی بتەوی لەنێوان کورد و ئەرمەن دروستکرد

یان کەسایەتیەکی وەك (شێخ عوبەیدوڵلاّ) کەلەکۆنگرەی ساڵی ١٨٨٠دژی لێدانی ئەرمەنەکان بوو وەنەیارەکانی ئەو فیکرەی دەمکوت کرد کەبەکرێ گیراوی عوسمانیەکان بوون ئەمەیە ڕاستی مەسەلەکان،ئەرمەنەکان لەشۆڕشەکەی شێخیشدا بەشدابوون و هێندەی تر پەیوەندیەکانیان بەهێزوپتەوبوو،وەشێخ ئەوەی ڕاگەیاند کە ئێمەو ئەرمەن براین و بۆیە ئەوانیش پشتیوانیان بۆ دەربڕی،وە مێژوونسی ڕووسی (مینۆڕسکی) کەلەو سەردەم ژیاوە و دەڵێت: هیچ کەس لەئەرمەنەکان لەبزووتنەوەکەی

شێخ زیان و ئازاریـان پێنەگەشـتوە) ئەمـە ش ڕاسـتەکی بەڵگـە نەویسـتە جوابێکی باشە بۆ ناحەزانی کورد و ئەرمەن.

ئەوهاوکاریانە بەردەوامە تاسـەردەمی (سـوڵتان عەبدالحمیـد) و سـوارەی حەمیدیـە کەلەسـاڵی ١٨٩١بەفـەرمانی سـوڵتان پێـك هێنـرا لـە (ئـەلبان و چـەرکەس و کورد)نـەك بەتـەنیا کـورد، وەلەباسـکردنی ژمـاەی سـوارەی حەمیدیـدا زۆر نوسـەر کەوتونەتـە هەڵـەوە دەڵـێن: سـوارەی حەمیـدی هـەمووی کوردبـوون ئەمـەش بەپشـت بەسـتن بەسەرچـاوە تورکـەکان بووە،بەڵام ئەمە دوورە لەڕاستیەوە،ڕاستیەکەی ئەوەیە کەڕوبەرت ئۆڵسن باسـی کـردوە کـەدەڵێت: ژمـارەی سـەربازی سـوارەی حەمیـدی بریتـی بوولە(٥٣)هەزار,وەمحەمـەد ڕەسـوڵ هـاوار لەکتێبەکەیـدا (کوردوبـاکوری کوردستان بەرگی یەکەم) ناوی نوسەرێك بەناوی(مروان المـدور) دێنێـت و دەڵێـت: نوسـەر ئامـاژە بـەوە دەکـات کـۆی ژمـارەی کـورد لەسـوارەی حەمیدی تەنها(١٠)هەزارکەسە نەك هەمووی کورد بووبن ,ئەمەش کەسانی ماستاو چی و بەرتیل خۆری وەك(ئاغاو دەرەبەگی دژە کورد و ئەرمـەن) ئەمانەچەند زیانیان بەئەرمـەن گەیانـد زۆر لـەوە زیـاتر زیانیـان بـەخودی کوردەکـان کەیانـدوە, ئەوانـە تێیـدا بەشـدار بـون لـەپێناو دەسـتکەوتنی بەرژەوەندی خۆیان کاریان دەکـرد, سـەرەڕای ئـەوەش دروشمـی خـودی سوڵتان ئەوە بوو کە(تائەمە هۆکارێـك بێـت بۆکۆتـای کێشـەی ئەرمـەن و

جینۆسایدکردنیان) هەرئەو دروشمەش بوو دەسەلاَتەکانی دواتر درێژەیان پێداو لەسەری ڕۆشتن کردیان بەشارێگە لەکوشتار و لەناوبردنی ئەرمەنەکان,

لەگەلّ ئەوەی سوارەی حەمیدی بەرهەمی عەقلّ و هزری سولّتان بوو بۆلەناو بردن و لێدانی ئەرمەن و کوردەکان,بەلاَم هەموویان دژی ئەرمەن نەبون و ئەوکارانەی سوارەی حەمیدی کردیان لەڕەشەکوژی ئەرمەن هەموویان کوردنەبوون و نابێت ئەوەش لەسەرکوردیش تۆماربکرێت وەك ئەوەی هەندێك کۆلکە نوسەر کردویانە,چونکە لەڕاستیدا ئەوە سوپایەکی سەربە حکومەت بووە و فەرمانی حکومەتی جیٰ بەجێکردوە و نەیتوانیوە لەبڕیاری حکومەت دەرچێت,ئەوانیش وەك هێزی پۆلیس و سوپا وابوون و هیچ کات نوێنەری گەلی کورد نەبوون.

سەرەڕای ئەوەش کوردستان لەوسەردەمەدا لەنێوان دوو بەرداش دا دابەشکراوە بەشی ڕۆژهەلاَت و بەشی ڕۆژئاوا,لەبەشی ڕۆژئاواشدا کەلەژێردەسەلاَتی عوسمانیدا بو هەموویان بەشدار نەبون بەشی باشوری هەئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبوون تەنانەت ئامادەش نەبون یەك سەربازی خۆیان بنیێرن بۆئەو کوشتارە,ئەوەی ئاگاداری ئەکێشەیەبوو تەنیا کوردەکانی باکور بوون ئەوانیش وەك دانیشتوان بەشدار نەبوون بەلّکو هەندێك ئاغاو دەرەبەگ و کەسانی بەکرێگیراو بون و لەسەر ئاستی

کاری تاکە کەسی بووە،بۆیە ناکرێت ئەمە نەتەوەیەکی پێتاوانبار بکرێت تاوانی ئەو کوشتارە بخرێتە ئەستۆی چونکە خاوەن بڕیار و هێز دەوڵەت بووە نەك كورد,

تەنانەت ناوهێنانی وشەی (کورد) یان (نەتەوەی کورد) یش لەڕووی زمانەوانیەوە ڕاست نیە,چونکە کەدەڵێن کورد واتە هەموو کرود بەشداربووە بەلاّم لەمێژوودا هەرگیز نەتەوەی کورد بەژن و منداڵەوە,بەگەورەو بچوکەوە تەنانەت لەسەر ئاستی میر و میرنشینەکان کورد دژی هیچ نەتەوەیەك نەبووە نەخوازە ئەرمەنیش کەپێکەوە گیرۆدەی دەستی دەوڵەتی عوسمانی بون و هاوئازارو هاوخەم بوون, بەلاّم دەکرێت بەناوی هەندێك ئاغاو دەرەبەگەوەناوبنرێت نەك نەتەوەی کورد,لەسەرەوە ئاماژەم بەوەدا کەهەموو سوارەی حەمیدی لەوکوشتارە بەشدار نەبوون و هەندێك ئاغای کورد دژی ئەوکێشەیە بوون، بۆیە لێرەدا دەمەوێت بە بەڵگە ناوی هەموو ئەو کەسانە بخەمەڕوو کوردبون و کەلەناو سوارەی حەمیدی و دەرەوەی ئەو سوپایە بوون دژی ئەو کێشەیە بوون تەنانەت ئەرمەنەکانیشیان پاراستوەو ڕووبەڕوی دەوڵەت وەستاون بۆپاراستنیان,

ئەوکەسانەی لەناو سوارەی حەمیدی بوون و ئەرمەنەکانیان لەکوشتن و لەناوبردن پاراست و دژی ئەرمەن نەبون وەك (متیع اللە) کەلەناوچەی

مـۆکس و (بــەدرخان بەگ)لەمەرگــەوەڕ و قــائیم قــام (حــاجی خان)لــە نوردز,ئەمەو جگە لەوەش کەسایەتیەکی وەك (زوهیرئاغایان)یـەکێك بـوە لــەو ئاغایانـــەی کـــەدژی ســـەپای عوسمـــانی وەســـتاوە بۆپاراســـتنی ئەرمەنەکان,تەنانەت ئەرمەنـەکانی گوندی(خاتسۆ)باس لەوکاتـە دەکـەن کە عوسمانیەکان هێرشیان کردوەتە سـەریان بـۆ کوشـتن و ڕاگواسـتنیان چـۆن خـەڵکی تـیرەی (محمـد ئاغا)بـەرگریان لێدەکـەن و دەسـت دەدەن چــەکەکانیان و ســنگ لەســوپای عوسمــانی دەگــرن ڕێگــەیان پێنــادەن بیانگوازنـــەوە ە تخونیـــان بکەون،ئـــەوەش ئاشـــکرادەکەن کـــە چـــۆن کوردەکـــان نانـــە ڕەقـــەیان لەگـــەڵ ئەرمەنـــەکان پارچـــەدەکردن و کەلوپەلـەکانی خۆیـان بـۆ ئەرمەنـەکان دەفرۆشـت و دەیـان دا بـەنان بـۆ ئەرمەنەکان ئەمە هەڵویستی کوردە،

جگـە لەوانـەش کوردەکـانی ناوچـەی (دەرسیم)یش زیاترلـە{٥٠}هـەزار ئەرمەنی ئاوارەیان لەکوشتن پاراسـت و ڕزگاریـان کردن,وەکەسـایەتیەکی کوردی وەك (ئیبراهیم پاشای میللی) کەپلەی میری میرانی هەبوو زیاتر لە {١٠}هەزار ئەرمەنی لەکوشتن پاراسـت,تەنانەت ئیـبراهیم پاشـا کـاروانی ئەرمەنـــەکانی دەکڕینـــەوەو ئـــازادی دەکـــردن ئەمـــە لـــەو شـــوێنانەی کەلەژێردەسەڵاتی ئیـبراهیم پاشـادا نەبوون،بـەڵام ئەوشـوێنانەی کەلـەژێر دەستی ئەودابوون هیچ جۆرە ئازارێکیان پێ نەگەشتبوو.

سەرەڕای ئەوەش هەڵویستی ڕۆژنامەی کوردستانیش کەبۆ ئەوکات زمان حاڵی نەتەوەی کورد بوو دڵسۆزانە هانی کوردانی دەدا کەدژی سوڵتان بن و دوور بن لەکوشتاری ئەرمەنەکان،بۆیە لەبواری پەیوەندی کورد و ئەرمەندا ڕۆژنامەی کوردستان وەك و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و ڕۆژنامەکانی تری کوردی رۆڵی باشیان لە بتەوکردنی پەیوەندیەکان و بەدرۆخستنەوەی ڕاگەیاندنە شاخدارەکانی تورك و ناحەزانی بینی و ڕێگەیان لەچاندنی تۆوی دوژمنکاری گرت و کە تورکەکان هەوڵیان بۆ دەدا لەنێوان کورد و ئەرمەن کەلێنێك بۆ لەیەك دوورکەوتنەوەیان دروست بکەن بۆیە ڕۆژنامەی کوردستا هەر لەسەرەتای دەرچونیەوە لەلایەن ئەرمەنەکانەوە زۆربەگەرمی پێشوازی لێکرا و تەنانەت بەشداریان تێدەدەکرد بەوتارنوسین و بلاْوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بەناوچەکانی دەرەوە,لەزۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا وتاری باشی تێدابوو ئاماژەی بەخاڵە هاوبەشەکانی کوردە و ئەرمەن دەکردەوە ئاماژەی بەوەدابوو سەرکەوتنی کورد و ئەرمەن لەهاوکاری و خەباتیاندایە،تەنانەت لەژمارە (١٤)ی ڕۆژنامەکەدا وتارێکی(مەلاساڵح)لەجەزیرە بلاْوکردوەتەوە کەتێیدا نیگەرانی خۆی بۆ ئەو ئۆخە دەربڕیەوە کەستەم لەکورد و ئەرمەن کراوە و دەڵێت:(لەسوچێکی ئەم دونیایەدا خەڵك بەکردنەوەی خوێندنگە و ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەی خزمەتگوزاریەوە خەریکە کەچی لای ئێمە

سولْتانەكان بەكاری لەناوبردن و كاولكاری كورد و ئەرمەنەكانەوە خەریكن و هانی هەردوولایان دەدەن تابەگژیەكدا بچنەوە،بەلاّم ئەوەی سولْتانەكان مەبەستیانە هەرگیز نایەتەدی)

لەڕاستیدا ئەوەی لەمێشكی توركاندا بوو پلانی بۆ دانرابو سڕینەوەو لەناو بردنی نەتەوەی ئەرمەن بوو,لەمێژوودا كورد نەخشەی بۆلەناو بردنی هیچ نەتەوەیەكی غەیرەدین و غەیرە خۆی دانەناوە و هەرچی ڕوویدابێت دەستی دەرەكی بوەوتوانیویانە بەچەند كرێگیراوێك ئەوكارانە بكەن وەك جاشەكانی لای خۆمان كەدستیان لەئەنفالی كورداندا هەبوو دواتر وەك بەرزەكی بانە بۆی دەرچوون!! توركیش ئێستا دەیەوێ دەستی تاوانی ڕەشی خۆی بەسەر كوردی بێتاواندا بسڕێ,

بەلاّم دەكرێت بۆ مێژوو ئەوەبوترێت هەمیشە كوردەكان هاوسۆزی ئەرمەنەكان بوون و لەهەرشوێنێك بۆیان كرابێت یارمەتی ئەرمەنەكانیان داوە و ئەوانیان پاراستوە و حەواندویانەوتەوە و لەدەست توركەكان ڕزگاریان كردوون،ئەرمەنەكانیش لەهەموو شوێنێك دۆستی كوردیان هەبووە،بەگشتی ئەمە ڕەوشی ئەوكاتە بوو لەكۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەم و لەمیانی جەنگی یەكەمی جیهانیش،لەزۆر شوێن كوردەكان دەستی یارمەتی و هاوكاریان بۆ ئەرمەنەكان درێژ دەكرد و لەهەندێك شوێنیش بەكرداری بەشداریان لەبزووتنەوەكەیان و بەرگری كردنیان

دەکرد بۆ ئەوەی سنورێك بۆ کۆمەڵکوژیەکەیان دابنرێت ئەم حاڵەتەش بەتایبەت لەدەرسیم ڕوویدا.

پەیوەندی کورد و ئەرمەن لەسەرتای سەدەی بیستەمەوە تاجەنگی یەکەمی جیاهانی

هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن وەك یەك ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمەم و تاوانی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی عوسمانی تورك بونەوە هەردوولا دەمێك بوو بەدەست ئەو ئازارەوە دەیانناڵاند هەم خۆیان وەك جەستە هەم خاکەکەشیان ڕووبەڕووی قوربانیدان و کاولکاری بوونەوە.

قوربانیدان و چەوساندنەوەی هاوبەشی کورد و ئەرمەن و خەباتی سیاسی و چەکداری هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن دژی چەوساندنەوەی سوڵتانە عوسمانیەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم رۆڵێکی باشی گێڕا بۆ لەیەك نزیکبوونەی زیاتری سەرکردەی هەردوو نەتەوە،دواتر ئەم پەیوەندیە ساسیانە ڕەنگیدایەوە بۆ سەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی هەمەلایەنەی هەردوو گەلی خەباتگێر،بەهۆی هاوبەی و لەیەك چونیان لەڕووی چەوسانەوەوە بێبەش بوون لەمافی نەتەوایەتی یان زۆربەی جار هەماهەنگ بوون لەمەینەت و ڕووبەڕووبنەوەی زوڵم و ستەمی عوسمانیەکان هاوکاربوون لەیارمەتیداندا تەواوکاری یەك بوون تەنانەت کوردەکان بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان قوربانیشیان داوە.

لەسەرتای سەدەی بیستەم بەهۆی پەیوەندی شاندی هەردوولا لەڕووبەڕووبونەوەی پلانەکانی عوسمانیدا ئەم دوونەتەوەیە یەك ڕیز و

یـەك هەڵوێسـت بـوون ئەمـەش لەچـاپەمەنی و بڵاوکراوەکـانی کـورد و ئەرمەنی ڕەنگی دابویەوە و کورد و ئەرمـەن خۆیـان پشـت و پـەنای یـەك بوون و هاوکاری یەکتریان دەکرد دژی ئەو ستەمەی لەهەردوو لا دەکرا.

تەنانـەت لەسـاڵی ١٩٠٣شـدا تورکـەکان ویسـتیان ئەرمەنـەکانی ناوچـەی ساسۆن دەرکەن و ئەوانیش ڕاپەڕین,

کوردەکانیش وەك وەفایەك بۆ ئەرمەنـەکانی دراوسـێیان لـەو ڕاپەڕینـەدا بەنهێنی بەئاشکرا یارمەتی ئەرمەنـە ڕاپـەڕیوەکانیان دا, هەرئەمـەش بـوو وای لەقۆنسـوڵی بـەریتانیا کـرد لەئـەرزە ڕۆم کەلەنامەیـەکی ڕۆژی ١٦تشرینی یەکەمی ١٩٠٣بنوسێت (لـەم چـەندمانگەی دوایدا دیاردەیـەك سـەرنج ڕادەکێشـێت ئـەویش مەسـەلەی پەیوەنـدی کـوردو ئەرمەنـە و کوردەکان یارمەتی ئەرمەنەکان دەدەن) تەنانەت بەریتانیەکانیش چاویان بـەم دۆسـتایەتیەدا نـەدەهات, بەهـەمان شـێوەش لەسـەردەمی هاتنـە سەرکاری تورکەلاوەکان لەساڵی ١٩٠٨کورد و ئەرمەن دۆست و هاوکـاری یـەك بـوون و هەرلـەو سەردەمەشـدا ڕیکخـراوی (کـورد تعـاون ترقـی جمعیتی)بەسـەرۆکایەتی شـێخ عبـدالقادر نـەهری دامـەزرا کەیـەکێك لەئامانجـەکانی بـەهێزکردنی پەیوەنـدی کـورد و ئەرمـەن بـوو, ئەمەهەڵوێسـتی کـوردە نـەك کوشـتاری ئەرمـەن,وە خـەباتی سیاسـی و چەکداری کـورد و ئەرمـەن دژی چەوسـاندنەوەی سـوڵتانە عوسمانیـەکان

لەسەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی باشە گرنگە گیرا بۆ سەر پەیوەندیەکانی ئەم دوو گەلە شۆرش گێڕەبەهۆی هاوبەشی لەیەك چوونیان لەڕووی ژەوساندنەوە و بێبەش بوون لەمافی نەتەوایەتی یان زۆر جار هەماهەنگ بوون لەمینەت و ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم زۆری،لەو قوناغەدا کۆمەلأنی کورد و ئەرمەنی بانگەوازی یەك ڕیزیان بۆ یەك دەکرد،

تەنانەت کەتورکە لاوەکان پێشتر بەڵێنیان بەهەردوو نەتەوە دابوو لەو بەڵێنەی خۆیان پاشگەزبونەوە ئەمەش سیاسەتێکە لای زۆر دەوڵەتی داگیر کەری کورد و ئەرمەنەکان درێژەی هەبوە,بۆیە دژی هەردوو نەتەوە بونەوەو,لێرەدا تورکەکان ئەرمەنەکانیا بەلەمپەر دەزانی بۆ جێ بەجێکردنی فکرەو هزری پانتورانیزمیان کەگەشتن بوو بەناوچەکان (ئازەربایجان و تورکمانستان)و دروست کردنی دەوڵەتی تورانی تورك, بۆیە ساڵی ١٩٠٩جارێکی تر ماڵوێرانیان هێنایەوە بەسەر ئەرمەنی زوڵم لێکراودا,

هەر لەو قۆناغە بەدواوە چەند کەسایەتیەکی تری کورد وەك (حەسەن بەدرخان و عبدالرزاق بەدرخان) ڕۆڵێێکی بەرچاویان بینی لەپتەوکردنی پەیوەندی کوردو ئەرمەن,لەڕاستیدا ئەمە هەڵوێستی ناودارانی کوردە کەچی ناحەزانی کورد، کورد بەومەسەلەیە تاوانباردەکەن بێ بەڵگە,نزیك

بوونــەوەی ســەرکدەکانی کــورد و ئەرمــەن دەســەلاَتدارانی ئەســتانەی بیزارکردبوو چونکە ئەوان پیلانیان بۆ بەگژ یەکدابردنی کورد و ئەرمەن دادەڕشـت کەچـی کارەکـان بـەئاوەژووی مەرامـەکانیان هـاتن هـەردەم هەوڵیان دەدا کورد بەگژ ئەرمەندا بدەن، بـەلاّم ئـەم دوونەتەوەیـە سـوور بوون لەسەر هاوکاری یەکدی.

تەنانەت(مەلاسەلیم) داوای هاوکاری و کۆمەکی لەئەرمەنەکان کردو پاشتر کە ڕاپەڕینێکی بەرپاکرد کوردو ئەرمەن جارێکی تر دۆست و هاوکاری یەك بون و بۆپاراستنی یەکتر هەوڵیان دەدا,هەرلەبارەیەوە ڕۆژنامەی ئەرمەنی بـــەناوی (هـــوریزۆن) لـــەژمارە ٧٤ی ڕۆژی ١٩١٤/٤/١٠ دەنوســـێت :(کوردەکان بەوپەڕی ڕێزو دۆستایەتی لەگـەڵ ئەرمەنـەکان هەڵسوکەوت دەکەن) ئەمەش بەڕادەیەك ڕازی نەدەبوون نـان بـەخۆڕایی لەئەرمەنـەکان وەرگرن کەبەڕەزامەندی خۆیان پێیـان دەدان،تـەنها لـەکاتی پێویسـت بـۆ خۆگەرم کردنەوە سـوتەمەنیان لێـوەردەگرتن چـونکە ئـەو ڕۆژگارانـە زۆر سارد بوون و ئەمەش ئەرمەنەکانی خۆشحاڵ دەکرد کاتێك دەبونـە مایـەی گەرمکردنەوەی ئەوان(کوردەکان) ئەمە شایەتی دانی خودی ئەرمەنەکانـە بە بەڵگەوە,ئیتر ئەوانەی باسی کـورد دەکـەن لەکوشـتاری ئەرمـەن تـەنیا فیشەك بەتاریکیەوە دەنێن,

بەلأم ناحەزانی هەردولا حەزیان بەئاژاوەو قسەی بێ بەڵگەیە و دەیانەوێت بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان کورد لەو مەسەلەیەدا تاوانبار بکەن، تەنانەت تورکەکان پڕوپگەندەیان لەسەر کورد و ئەرمەن بلأو دەکردەوە دەیان وت کوردەکان لەجیاتی ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن هێرش دەکەنە سەر ئەرمەنەکان بەلأم ئەم هەولأنە بەفیڕۆچوون,وەك چۆن تورکەکان لەهاوکاری کوردەکان بۆ ئەرمەنەکان دلگران بوون بەهەمان شێوەش لەهاوکاری ئەرمەنەکان بۆ کوردەکان دلگران بوون،

ئەمەش بەوەی ئەو هاوکاریەی ئەرمەنەکان دەسەلأتدارانی تورکی خستبووە دلەڕاوکێ و ناڕەحەتیەوە چونکە هەولەکانیان بەدرێژایی ڕۆژگارەکە شکستیان هێنابوو پیلانەکەیان سەری نەگرتبوو کەبتوانن کورد و ئەرمەن بەگژیەکدا بدەن،بۆیە ولی تورکی لەموش کە(ئیحسان پاشا)بوو داوای لەئەرمەنەکان کرد چەك لەدژی کوردەکان هەلگرن،بەم داوایەی والی ئەرمەنەکان لەڕوو دامان هیچ چارەیەکیان نەما چونکە بەرەتکردنەوەی دووچاری سزا و راوەدونان دەبونەوە بەقبولکردنیشی دوژمنایەتی دەکەوتە نێوان کورد و ئەرمەنەکانەوە ئەمەش ڕێگە و بژاردەیەکی سەخت بوو بۆ ئەرمەنەکان،بەلأم کەسایەتی ئەرمەنی(کارۆساسۆنی)وتی:ئەرمەنەکان زۆر باش لەم داوایە دەگەن بۆیە

ژیرانــه ڕووبــەڕووی ئــەم هەڵوێســته بوونەوە،ئــەوەبوو بەڕووكــەش و بەزارەكی پشتیوانی خۆیان بۆ والی دەربڕی لەژێرەوەش لەم پلانەیان كوردەكانیان ئاگاداركردەوە و پێیان ڕاگەیاندن كەتوركەكان خەیاڵیان خاوە ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆیان ببینن كە كورد و ئەرمەن ڕووبەڕووی یەكتر ببنەوە،ئەرمەنەكان كوردەكانیان ئاگاداركردەوە كە هەرگیز ئامادەنین چەكەكانیان بەرامبەر كورد ئاراستە بكەن.لەراستیدا توركەكان بێ گوێدانە هیچ بنەمایەكی مرۆڤایەتی ئامادەبوون هەموو پیلان و ڕێگەیەك بگرنەبەر بۆ بەگژیەكدادانی كورد و ئەرمەن و نەمانی هاوكاری نێوانیان تەنانەت توركەكان كەوتنە گرتنی هاولاتیانی سڤیلی ئەرمەنی بۆنونە (هاگوپ) هاولاتی ئەرمەنیان گرت چونكە بەگەنم هاوكاری خێزانی خەباتگێڕی كوردەكانی كردبوو،هەروەها(نەخشۆ) كەهاولاتیەكی ئەرمەنی بوو دەسگیركرا بەهۆی هاوكاری و یارمەتیدانی ڕاپەڕیوەكانەوە جگە لەوانەش توركەكان ڕۆژنامەی (ئەزتاماران)ی ئەرمەنیان داخست بەبیانوی ئەوەی هەواڵی ڕاپەڕینی كوردەكانی بلاوكردەوە ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی توركەكان نەدەگونجا.

سەرە ڕای هەموو ئەوانە كەچی خۆشبەختانە ئەمڕۆ لای ئەرمەنەكانیش ئەوە ساغ بوەتەوە كە كورد دەستی لەو كوشتارو كێشەیەدا نەبوە تەنانەت مێژوو نوسی ئەرمەنی (ئارشاك سا فرستیان) لەكتێبی كوردو

کوردســـتانەکەی ئـــەوەی ئاشـــکرا کـــردوە کـــە:(خودی تورکـــەکان هـــەمووتاوانێکی لێـــك کـــەوتنی هـــەردوو گـــەلی بـــرای کـــوردو ئەرمـــەنیان لەئەستۆدایە نـەك کورردەکـان) ئەمـەش بەڵگەیـەکی تـری خـودی مێـژوو نوسی ئەرمەنەکانەو دیرۆك نوسەکانیان شایەتی لەسەردەدەن،لەڕاستیدا پێم وایە هێندەی نوسەران و مێژوونوسان باسی ئەوەیان کردوە کەکورد بەشدارە لەکوشتاری ئەرمـەن و کۆمـەڵکوژی ئەرمـەن و تاوانبارکردنیـان بەکوشتاری ئەرمەن هەرگیز باسی ئەوەیان نەکردوە کە کـورد چـەندێك ئەرمەنی پاراستوە و لەمردن رزگاری کردوون,خۆشبەختانە دەتـوانین بـۆ مێژوو ئـەوە بڵـێین نیـوەی ئەرمەنـەکانی ئـەمڕۆ نـەوەی ئـەو ئەرمەنانـەن کوردەکان لەمردن ڕزگاریان کردوون و پاراستونیان. جگە لەوەش خـودی ئەرمەنـــەکان زۆر لەگـــەڵ کوردەکـــان بەختـــەورن پێکـــەوە ژیـــاون ئـــەم بەختەوەریـــەی ئـــەوانیش بـــۆ بێتـــاوانی کوردەکـــان دەگەڕێتـــەوە لەجینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان. تەنانـەت ئەرمەنـەکان لەگـەڵ کوردەکـان زۆر بەختـــەوەر بـــوون هـــەر لەوبارەیـــەوە میجـــەری بـــەریتانی (ك.سۆن)جوگرافیناسـی شـاهانە لەلەنـدەن لەموحازەرەیەکـدا ئامـاژەی بـەوەکردبوو دەڵێـت:(دوور نیـە هـەر یەکـە لەئێمـە بیرۆکەیـەکی شاشـی لەســـەر ئـــەوە هـــەبێت کـــە کوردەکـــان لەکۆمـــەڵکوژی ئەرمەنـــەکان بەرپرسـیاربن،بەڵام کـەم کـەس لەئێمـە ئـەوە دەزانێـت کەبـەر لەجـەنگی

یەكەمی جیهانی ئەو كریستیانە(ئەرمەنەكان) لەناچە كوردیـەكان دەژیـان گەلێك بەختەوەربوون.

ئەرمەنەکان لەژێر بڕیاری سەرانی سێکوچکەی دیکیتاتۆریەت دووچاری جینۆسایدکردن بوون

لـــەم بەشـــەدا دیســـان دەمـــەوێت زیاترلـــەوەی کەپێوســـتە بچـــمەنێو بابەتەگرنگـــەکانی مێـــژووی پەیوەندیـــەکانی کـــورد و ئەرمـــەن و دورخستنەوەی کوردلەکوشتارو کۆمەڵکوژی ئەرمەن و نیشاندانی مێـژووی ڕاست و دروسـتی کـورد بەشـێوەیەکی شـەفاف و بەڵگەنەویسـت و لادانـی ئـەو پـەردە ڕەشـەنامۆیەی کەبەدەسـتی لـەخوێن هەڵکێشـراوی تـورکی ئەرمەن کوژ و دژە ویژدان لەسەر ڕووی سپی مێژووی کورد,

لەڕاستیدا ئـەم کـارە هـەر وائاسـان نیـە چـونکە زۆر لەنوسـەرەکان بـەبێ بەڵگەوبەشێوازێکی نامەنتقی خۆیان بەو بابەتـەوە هەڵواسـیوە و کانیـاوی ڕاسـتیەکانیان بەبـەردی ڕش و نەگریسـی خۆیـان پرکردوەتـەوە و خۆیـان بەسۆپەر مێژوو نووس ناو زەند کردوە,بۆیە ئەمەش هەوڵ و مانـدو بـونی زۆری دەوێ و وەئـــەرکی سەرشـــانی نوســـەرو مێـــژوونوس و ڕۆشـــنبیرە بەوییژدانـــەکانی هـــەردوو نەتـــەوەی بـــرای کـــورد و ئەرمەنـــە کـــار بـــۆ خستنەڕووی ڕاستیەکان بکەن،

لێرەوە دەمەوێت ئاشناتان کەم بەبەشـی دووەمـی ڕاسـتی و بەڵگـەکان, کەلەماوەی جەنگی جیهانی یەکـەم کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی و نەتـەوەکانی جیهان توشی کارەسات و ماڵوێرانی بوون,بەڵام ئـەوەی گرنگـە مەسـەلەی

پاراستنی ئەرمەنەکانە لەلایەن کوردە خۆنەویست و قارەمان و دڵسۆزەکانەوە کەلەکاتی تەنگانەو گەرمەی شەڕدا ئەرمەنی برایان لەیادنەچووە، وەلەو پێناوەشدا ئامادەی قوربانی دان بوون لەپێناو پاراستنیان, ئەمەیە ڕاستی مەسەلەکان کەبەدەستی ناحەزان و بەناو مێژوونوسان شێوێنراوە,

زۆربەی زلهێزەکان لەساڵانی جەنگدا لەهەوڵی سەرنج ڕاکێشانی نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بون بەبیانوی جۆراو جۆر بۆمەبەست و بەرژەوەندی گڵاوی خۆیان,وەلەهەمان کاتیشدا سیاسەتێکی نادیاریان بەرامبەر هەردوو نەتەوەکە هەبوو,لەهەوڵی بەگژیەکدادانی کورد و ئەرمەن بون ئەمەش لەسنورو چوارچێوەی دەولەتی عوسمانیدا بۆزیاتر شێواندنی بارودۆخەکەو تاوانبارکردنی نەتەوەی کورد, ئەوەی گرنگە بۆمێژوو ئەوە

بـوترێ لەسـالآنی جـەنگی یەکەمـد دەولـەتی عوسمـانی لەژێرفـەرمان و سیاسەتی سێکوچکەی دیکتاتۆری ئیتحادوتـەرەقی بووکە(جـەمال پاشـاو ئەنوەرپاشـاو تەلعـەت پاشـا)بوون ئەمانـە خـاوەن دەسـەلأت و خـاوەن بڕیـاربوون تــەواوی فەرمانــەکان لەلایــەن ئەوانــەوە دەردەچــوو,ئەمانە باوەڕیان بەپێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ناو دەولـەت نەبوولەهـەولی پاکتـاو کردنیان بوون,بۆیە لـەو ماوەیـەدا ئیتیحادیـەکان کوشـتارێکی ترسـناکیان لەکورد و ئەرمەن کرد ئەمەش گوزارشتێك بوو لەماهیەت و فراوانخـوازی و ڕەگەزپەرستی بزووتنەوەی تورانیزم, چـونکە ئـەوان باوەریـان بەهـەردوو نەخشەی پانتورکیزم و پانتورانیزم بوو,ئامانج لەنەخشەی یەکـەم بـەتورك کردنـی هەموومیللـەتی غـەیرە تـورك بووکەزۆربـەی دانیشـتوانی دەولـەتی پێك دەهێنا,

وەئامانج لەنەخشـەی دووەم کۆکردنـەوەی هـەموو میللـەتی تـورانی بـوو لەچوارچێوەی دەولەتێکی تورکی فراوان کەلەبەغازی بسـفۆڕەوە دەسـتی پێـدەکردو دەگەشـتە ئاسـیای ناوەڕاسـت,بەلأم لەبەرامبـەر ئەمـەدا گـەلی ئەرمـەنیان بەلەمپـەرو ڕێگـر دەزانـی بـۆ گەشـتن بـەو خەونەیان,چـونکە بەپێگــە جوگرافیەکــەی تورکــانی ئــامۆزای تورانیــەکانی دانیشــتوانی ئازەربایجانی ڕوسیاوتورکستانیان جیا دەکردەوە,وەلەو پێناوەشدا هـەمو ڕێگەوشێوازێکی نامرۆڤانەو کوشت و بڕیان دەگرتەبەر,

ئەمەلەلایەك و لەلایەکی تر سیاسەتیەکی تریان بەکار دەهێنا ئەویش هەستی ئاینی بووئەمەش بۆبزواندنی هەستی ئاینی کورد بوو,بەلاّم لەهەمان کاتدا ئیتیحادیەکان عەلمانی بون و باوەڕیان بەئاین نەبوو ,لەلایەکی تر لەو ئان و ساتەدا سولّتان بەناو خۆی بەپارێزەر و خەلیفەی ئیسلام دەزانی و بانگەوازی ئاینی دەکرد بۆنەتەوەکانی ناو دەولّەت, بەلاّم لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ ئەلّمانیای غەیرە ئیسلام دەستی تێکەڵ کردبوو ئەمەسیاسەتی سولّتان بوو دژی ئەرمەنی مەسیحی کەچی دۆست و هاوپەیانی ئەلّمانی مەسیحیش بوو ئەمەیە سیاسەتی چەواشەکاری سولّتان بەناو خەلیفە,لەڕاستیدا ئەمە دوورە لەواقعی ئیسلام,

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کەس وای بۆ دەچن کەکورد بەهۆی سیاسەتی کوێرانەی ئاینی دژی ئەرەمەنەکان بوە, بەلاّم ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە بەدرێژی مێژوو تائەمڕۆش کورد کێشەی ئاینی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەك نەبوە و بوونی ئەو هەمووە ئاین و ئاینزایە لەکوردستان و پێکەوەژیان لەگەڵیاندا ڕاستیەکی بەلّگە نەویستە,سولّتان و سەرانی تورك لەم سیاسەتەیان زیرەك بوون کەوتنە فەتوادەرکردن,بۆیە هەرلەسەرەتای شەڕەوە دیسان تورکەکان کۆمەلّکوژی و مالّوێرانیەکی تریان بەسەر ئەرمەنەکاندا هێنایەوە,تەنانەت لەڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٤فەتوایەکیان دەرکرد کەلەسەر کورد و تورك پێویستە غەزای ئەرمەن کوشتن دەست پێبکەن و

لەمایسی هەمان ساڵدا حکومەت فەرمانی دەرکرد ئەرمەنەکان لەسەر سنوردەربکەن لەو سەرو بەندەدا (ئەنوەرپاشا) سودی لەو هەل و بارودۆخە وەرگرت تا بەوتەی خۆی (مەسەلەی ئەرمەن بۆهەتاهەتای لەتورکیادا چارەسەربکات و ئەو کێشەیەش بنەبڕبکات)کەئەویش ڕەشەکوژی ئەرمەنەکان بوو بەشێوەیەك هیچ ئاسەواریان نەمێنێ ئەمەش بەڵگەیەکە کەخودی ئەنوەرپاشا خاوەن بڕیارە کەیەکێکە لەسێکوچکەی دیکتاتۆریەت نەك کوردەکان,

لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانی توشی چەندین شکستی یەك لەدوای یەك بویەوەلەبەرەکانی شەڕدا,بۆیە هەریەك لەئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشا هەوڵیان دەدا تاوان و تاوانبار و هۆکاری ئەو شکستەیان بدۆزنەوە وەکەسیش لەو ڕۆژەدا وەك ئەرمەن بۆ ئەو مەسەلەیە دەستی نەدەدا بۆیە ئەنوەر بڕیاریدا تەواوی ئەرمەنەکانی تورکیا لەناو بەرێ بەوشێوەیە کوشتارێکی دروستکرد تاوانەکانی(سوڵتان عبدالحمید) لەو بارەیەوە هیچ نەبوو! !سەرە ڕای ئەوەش هەستا بە بەردان و ئازاد کردنی زیندانیەکان و مەرجی ئازاد بونیانی کردبوو بە کوشتنی ئەرمەن و لەناو بردنیان,لەلایەکی تر بۆ تاوانبارکردن و سوککردنی کورد هەستا پیاوکوژ و تاوانبارەکانی خۆیان جل و بەرگی کوردی لەبەردەکردن و دەیان ناردنە سەر ئەرمەنەکان بەجۆریك

کەبەشێوەیەکی وەحشی گەری و دڕندانە قەتڵ و عامی ئەرمەنیان دەکرد و لەهەموو لایەك بڵاویان دەکردەوە کەوا کوردەکان پەلاماری ئەرمەنەکانیان داوە و کوشتاریان لێکردوون,بەوشێوەیە ناوی کوردی بێتاوانیان زڕاندوە ئەمەیە سیاسەتی شەیتانی تورك و تاوانی نێومێژووی ڕەشیان,ئەمەیە تێکدانی ڕاستیە مێژووییەکان و هەندێك لەمێژوونوسەکان دیماگۆجیانە(ساویلکە) شوێن ئەو سیاسەتە شومە کەوتوون کە دوورە لەڕاستیەوە لەوەوە خوێندنەوە بۆ کورد و مێژووەکەی دەکات,

جگە لەو سیاسەتە ناڕەوایانە سەرانی تورك بۆلەناو بردنی ئەرمەن چەندین بڕیار و بروسکەی جۆراو جۆریان دەردەکرد لەوانەش بەنمونە بروسکەیەکی (تەلعەت پاشا)یە دەینێرێت بۆ حاکمی حەلەب و دەڵێت(بەرلە ئێستا پێتان ڕاگەیەنراوە کەوا بەپێی فەرمانی جەمعیەت بڕیار دراوە کەبەیەکجاری ئەو ئەرمەنانە لەناو ببرێت کەلەتورکیا

دەژین,ئەوانەی دژی ئەم بڕیارەن ناتوانن لەسەرکاری خۆیان بمێنن,هەرچەندە ئەو هەنگاوانە توند و تیژبن بەلاّم بەهیچ شێوەیەك گوێ مەدەنە تەمەن و ژن و پیاو و ویژدان)ئەمەناوەڕۆکی سیاسەتی تورکەو تەنانەت دژی ویژدانیشن!!

لەئەنجامی ئە سیاسەتەی تورك کەبەپێی ڕاپۆرتێکی ئینگلیز لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٦ناردبوی بۆ پەرلەمانی ولاّتەکەی نوسرابوو(لە دوو ملیۆن ئەرمەنی دانیشتوی تورکیا ١/٣یان کوژراون و ١/٣یان ئاوارەو دەربەدەر بوون),تەنانەت ڕۆژنامە نوسی ڕووسی لەو بارەیەوە دەنوسێت(لەشاری وان نەکەسی زیندووی تیا ماوە نەخانووی بەپیچوە ماوە,لەشاری بەتلیس لە١٨هەزار ئەرمەنی تەنیا ٣٠٠تا٤٠٠ ژن و منداڵ ڕزگاریان بوو,وەلەشاری موش و ئەو سێ گوندەی دەورو بەری کە ٢٥هەزار ئەرمەنی لێدەژیا پاش ڕەشەکوژیەکان تاکەکەسێکی لێدەرنەچوو!!) ئەمەیە سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی تورك کەبەو کارانەیان لاپەڕەکانی مێژووی خۆیان پێ ڕەش و شەرمەزارکرد,لەڕاستیدا لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕی مێژووی کورد بگەڕێ سیاسەت و کارێکی هاوشێوە و قێزەونی وا بەدی ناکەی ئیدی کامەیە کوشتاری ئەرمەن بەدەستی کوردی بێ دەوڵەت و بێ کیانی سیاسی و خاك دابەشکراو,

وەلەبروســــکەیەکی تـــــری وەزیـــــری نـــــاوخۆ (تەلعــــەت پاشـــــا) دەڵێت(ئەرمەنەکانی ولایەتی ڕۆژهەلأت بـەنهێنی بکوژن)کەچـی خۆشـیان ئەو ڕاستیانە باش دەزانن, بەلأم تائەمڕۆش سەرانی تورك دانی پێدا نانێن و تورکی لێ بێبەری دەکەن,لەگەڵ ئەو هـەموو مـاڵوێرانی و ڕەشـەکوژیەی سەرانی تورك و دەوڵەتی عوسمانی بەسـەر نەتـەوەی ئەرمـەنیان دا هێنـا کەچی پاکانە بۆخۆیـان دەکـەن و تـاوانی ئەوکوشـتارانە دەخەنەئەسـتۆی کورد,ئەمەش بۆئەوەی پەردەی ڕەش و تاریك بەسـەر بەسـەر کوردەکـان بدەن و بەچەتەو ڕێگر لەقەڵمیان بدەن,لەلایـەکی ترئـابڕووی بزووتنـەوەی ڕزگـاری خـوازی کـورد بـەرن و لەکـەداری بکەن,وەلەلایـەکی تـریش ئەمـە بەهانەیـەکیش بێـت کەپـەلاماری کوردەکـانی پێبدەن,تەنانـەت (تەلعـەت پاشا)پاکانە بۆخۆی دەکات و تاوانی کوشتارەکە دەخاتەئەستۆی خودی ئەرمەنەکان چونکە یامەتی ڕوسیایان داوە و دەڵێت: کڵێسـەکانیان جگـە لەچەك و تەقەمـەنی هیچـی تـری تیانەبوە,بـەلأم ئـەی تـاوانی ڕاگـوێزان و کورد کوشتن دەخاتە ئەستۆی کـێ! لەکاتێکدا هاوئـاین و هـاو مەزهـەبی خۆیان بون,بەلأم پەتی درۆ کورتەو مێژوو حاکمێکی بەویژدانەو تاوانبـاران لەمەحکەمەی مێژوو ڕزگاریان نابێت و مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات,

جگـە لـەوەش (جـەمال پاشـا) تـاوانی کوشـتارەکە دەخاتـە ئەسـتۆی ڕوسەکان چونکە هانی ئەرمـەنیان داوە دژی تورکەکان,ئەمانـەبڕووبیانوی

پوچـن و ناکاتــە ئــەوەی نەتەوەیــەك بــەژن و منداڵــەوە جینۆسـایدکەیت خۆئەوانــە نەلەبــەرەی شــەڕدابون و نەلــەناو ســوپای ڕوس ئەمــە واقعــی مێژووە,بەلاّم ئەی ماڵوێرانی و ڕاگواستنی کوردەکـان چـی؟! سـەرە ڕای ئەوەی ئیتیحادیەکان ئەو کارەساتەیان بەسـەر ئەرمـەن هێنـا بڕیاریـان دا ئەوەی بەئەرمەنیان کردوە بەکوردیشی بکەن,

بۆیــە دەســتیان کــرد بەڕاگواســتن و ئــاوارەکردنی کوردەکــان ئەمــەش بەمەرجێك ژمارەی ئەو کوردە ئاوارانـە لەهـەر شـارێکی تورکدا ژمارەیـان لە٥٪ زیاتر نەبێت لەڕاستیدا ئەمە سیاسەتی تەتریك و تواندنەوەی کوردە لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا, لەئەنجامی ئـەوەدا نزیکـەی ٥٠٠کـورد گیانیـان لەدەست داو ٧٠٠هەزارکوردیش بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕاگوێزران ئەمانـە بەدەم ڕێگەو برسیەتی و ماندویەتی و سەختی ڕێگا لەناو چون و بەشێکی تریان پێش ئەوەی بگەنە شوێنی دیاری کراو کوشتنیان,هەرلەو بارەیـەوە (د.عبـدالعزیزیامولکی) دەنوسـێت:(تابڕانەوەی شــەڕی یەکــەمی جیهـانی زیـاتر لـە٧٠٠هــەزار کــوردی تورکیـا مــردن و لــەناو بران)ئەمانــە ڕاسـتی سیایەتی تورکەو چاویان بەرای نادات ڕاستیەکان ببینن,



سەرباری ئەوەی کوردەکان وەك ئەرمەنەکان توشی کارەسات وماڵوێرانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی تورك بون ,بەلاَم لەو قۆناغەشداو لەگەرمەی شەڕیشد برا ئەرمەنەکانیان لەیاد نەکردوە بەپێی توانا یارمەتی ئەرمەنیان داوە تەنانەت ئەو ئەرمەنانەی لەڕێگەی دیرۆزەوە پەنایان بردوەتە بەر کوردە یەزیدیەکان ئەوانیش پاراستونیان و نەیان هێشتوە تورکەکان سزایان بدەن و لەناویان بەرن,

لەلایەکی تر (عبدالعزیز یامولکی)دەنوسێت:(بێگومان ئەو ئەرمەنانەی لەئەنادۆڵ مابونەوە لەشمشێری تورکان ڕزگاریان بوو بەبێ خۆهەلکێشان سێ لەچواریان ئەوانە بون کورد ڕزگاری کردبوون یان شاردبونیەوە) بەهەمان شێوە (د.بلەج شێرکۆ) دەنوسێت (خۆشبەختانە ئەمڕۆ لەکۆڕەکاندا ساغ بوەتەوە کەلەسالآنی جەنگی گشتیدا و لەکاتی کوشتاری ئەرمەندا کوردەکان بەوەی دالدەی ٥٠هەزار ئەرمەنیان داوە و

نەیان هێشتوە دەستی تورکانیان پێ بگات کارێکی دۆستانەو بێ وێنەیان ئـەنجام داوە بەتایبـەت خـودی ئەرمەنـەکان دان بـەو ڕاسـتیەدا دەنـێن) وەلەساڵی ١٩١٥دا کەسایەتیەکی وەك (ئەحمەدبەگ) بویـە سـایەو پـەنای ئەرمەنـــەکان و گـــەلێکی لـــەمردن ڕزگارکرد,وەلەنامەیـــەکی تایبەتیـــدا ئەرمەنەکانی گوندی (خاتسۆ)باسی ئـەوەیان کـردوە کەچـۆن کوردەکـانی هــۆزی (محمدئاغا)بــەرەنگاری ســەرباز و جەندرمــەی مــیری بونەتــەوە ڕێگــەیان نــەداوە ئەرمەنــەکان بگوازرێنــەوە ,هەرلەونامەیــەدا نوســراوە هۆزەکە خۆیان بەدەست برسێتیەوە دەیان نالآند کەچـی دواپارچـەنانیان لەگەڵ ئەرمەنەکان دەکرد بەدوو بەشەوە و یارمەتیان دەدان,

لێرەشدا دەمـەوێت بەڵگەیـەکی ڕاسـت و دروسـتی ئەرمەنـەکان بهێنمـەوە کەیـەکێك لـەپیاوە ئاینیـەکانی ئەرمـەن بـەناوی (گریگۆریـۆس پـەلاکیان) بەهـەمان شـێوە داکـۆکی زۆری کـردوە لـەکورد و دەیسـەلمێنێت کـەکورد ڕۆڵـی نـەبوە لەکارەسـات و کوشـتاری ئەرمەنـەکان نمونـەش دێنێتـەوە لەکتێبەکەیـدا بـەناوی (ئەرمەنـەکان و کۆمـەڵکوژی و تاراوگـە)باس لـەو ڕوداوە دەکات لەنزیك ئەنقەرە ڕویداوە و دەڵێت: کوردی لێ نەبووە,

بەمـــەش نـــەك نوســـەرو مێژوونوســـە ئەرمەنیـــەکان بـــەڵکو پیـــاوە ئاینیەکانیشیان بێتاوانی کورد لەکوشتاری ئەرمەندا دەسەلمێنن و تەواوی کوشـــتار و ماڵوێرانیـــەکانی ئەرمـــەن دەخەنەئەســـتۆی تـــورك و ســـەرانی

ئیتیحادیەکان بۆیە دەبێت بەرپرسیاریەتی مێژوویی بخرێتە سەر تورك نەك کوردەکان,چونکە ئەوان ویستویان دەستی بەخوێن سوربوی ئەرمەن کوژی خۆیان بەسەر نەتەوەی کورد بسون لەگەڵ ئەوەشدا هەرئەوان خاوەن دەوڵەت و دامودەزگاوسوپاوهێز و بڕیاربوون نەك کوردی بەشمەینەت و بێماڵوحاڵ و بێ سوپا وبێ دەسەلأت.لەڕاستیدا ئەمە سیمای هەموو دەسەلأتێکی خوێنمژە بۆ پەردەپۆشکردنی کارە قێزەونەکانی خۆی تەواوی کارەخرەپەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی نەتەوە ژێردەستەکانی خۆی بۆ بێتاوانی خۆی

سەردەمی

تۆڵەی ئەرمەن و لەناوبردنی جینۆسایدکەرانیان

زۆرگرنگە لێرەدا ئەوە بۆ مێژووبخرێتە ڕوو یان ئەکرێت وەك بەڵگەیەکی گرنگ و وەك جوابێکی پۆلاین و کۆنکرێتی بەکاربهێنرێت,کەدەڵێم پۆلاین چونکە هەتائێستا زۆر کەس و لایەن و زۆر مێژوونوس و زۆر فەریکە نوسەر پێیان وایە کورد جینۆسایدی ئەرمەنی کردوە و کوردیان بەوناوەوە ناساندوە یان بۆهەرمەبەستێك بێت ڕاستیەکانیان شاردوەتەوە,بەلام وەك دەڵێن ڕاستی لەنێوئاگریشدابێت ناسوتیَ,جگەلەوەش ئەمەسەردەمێکە دەتونین بەئاشکراو بێ ترس ڕاستیەمێژووییەکان وەك خۆی بوترێ و بنوسرێت, لێرەدا سەیر نیە ئەمە بوترێ چونکە لای مێژوونوسی ڕاستگۆ و بەویژدان گەردیلەو وردیلە ڕاستیەکان ون نابن لەبەرئەوە ئەوانە ڕۆحیەتی مێژووی و نوسینی مێژوویيان هەیە بەچاوی واقعی بۆ ڕوداوەکان دەچن وخوێندنەوەی بۆدەکەن, زۆر پێم خۆشبوو منیش ئەم ڕاستیە بڵێم چونکە دەمێکە سەلماندنی ئەم ڕاستیە ئاواتی منەو دەمێك بوو لەمێشکمدا دەهات و دەچوو,بەلام سوپاس بۆخودا پاش ئەوەی توێژینەوەیەکم لەسەرکرد گەشتمە ڕاستیەکان,منیش حەزدەکەم ئەو ڕاستیانە وەك خۆی باس کەم

بۆئەوەی بتوانین هەمیشە دەمکوتی ناحەزانی کوردی پێ بدەینەوە و شەرمەزاریان کەین,

ئەمرۆش ئێمە نەدەوڵەت و نەکیانێکی سیاسی زۆر بەهێزمان هەیە تابتوانین بەهێز یان بەفشاردروستکردن ئەو گومانانە لەنێو بەرین,بەلاَم ئەوەی مایەی خۆشحالَیمانە ئەمڕۆ چەکی دەستی ئێمەی کورد تەنیا قەڵەمی دەستمانە بۆیە دەتوانین زۆر ڕاشکاوانە و بێ ترس تەواوی خلَتەو بوختان و گومانە پیسەکان لەسەر مێژووی خۆمان لابەرین و مێژوویەکی بێ هەڵەو پەڵە تۆمار بکەین,وەپێویستە جوابی تەواوی بەناو مێژوونوس ونوسەرە گومان چیەکان بدەینەوە و بلَێین: گەر ئێوە بێ بەلَگە کورد بەجینۆسایدکردنی ئەرمەن ناو دەبەن؟ ئەی بۆچی ئەرمەنەکان تۆلَەی ئەو جینۆسایدەیان لەکورد نەکردەوە و نەهاتن چەندکەسایەتیەکی ناوداری کورد لەنێوبەرن؟ خۆ ئەوان تۆلَەی خۆیان لەجینۆسایدکەرانیان کردەوە و حەقی مەعنەوی خۆیان کردەوە و ئەوەی کردبویانە ئامانج بۆتۆڵە لەنێویان برد چ لەدەرەوە و چ لەناوەوە, خۆئەوانە تورك بون و دوڵەتیان هەبوو,بەلاَم کوردی بێ دوڵەت و دابەشکراو زۆر نزیکن لەئەرمەن وەدەیان توانی بەئاسانی لەکوردەکان بکوژن بەو ناوەی کەئێوە دەلَێن جینۆسایدکردن,بەلاَم دەلَێم ئەی بۆکورد و بەرپرسانی کوردیان تیرۆر نەکرد؟بۆتۆڵەیان لەکورد نەکردەوەو؟ ئەمەڕاستیەکانە چونکە کورد بێ

بـەری بـوە لەکوشـتاری ئەرمـەن و جینۆسـایدکردنیان وەك لەبەشـەکانی پێشوو تر ڕونمان کردەوە,

لێـرەوە دەمـەوێ ئـەوە بلّێم ئەرمەنـەکان وێـڕای کـوژرانی سـەدان هـەزار ئەرمەن و ئاوارەو ڕاگواستنیان بەلاّم هەولّیانـدا تۆلّـەی خۆیـان بکەنـەوە و ڕووی جینۆسایدکەرانیان ڕەشکەن و بیان خەنەنێو زبلّدانی ڕەشـی مێـژوو ,بۆهەتاهـــەتای مرۆڤایـــەتی ڤێزیـــان لێبکاتـــەوە نـــەفرەتیان لێبکـــەن و شەرمەزاری نێولاپەڕەکانی مێـژوویان کـەن,وەك پێشـینان دەلّـێن {قـەرز کۆن دەبێت و نافەتێت} جینۆسایدکەرانی ئەرمەنیش باجی ئەو قەرزەیان دەدەن وەك دواتــر ڕوون دەبێتـــەوە, دوبـــەدوای تـــەواو بـــونی جـــەنگ ســـەردەمێك هاتـــە ئـــاراوە دەتـــوانم ئـــەو حەقـــە بـــەخۆم بـــدەم و بەسەردەمی{تۆلّەسـەندنەوەی ئەرمەنـەکان}ناوزەنـدی بکـەم, ئـەوە بـوو دوای کۆتـایی هـاتنی کۆمـەلّکوژی و ڕوخـانی ئیمپراتـۆری عوسمـانی و

هـەڵهاتبی سـەرانی سێکوچـکەی دیکتاتۆریـەت و دامەزرانـدنی کۆمـاری تورکیا,

ئەو ئەرمەنانەی کەلەگۆشەو کەناری دنیادا پەرت و بلاْو بوبونەوەبەدەست تورکان,بەتایبـەت ئـەو ئەرمەنانـەی لەمـەرگی مسـۆگەر ڕزگاریـان بوبـوو کەوتنە هەوڵی تۆڵـە سـەندنەوە لـەو کـەس و بەرپرسانەی کەلەکوشـتار و جینۆسـایدکردنی ئەرمەنـدا دەسـتیان هـەبوو لـەناویان بـردن و تیرۆریـان کردن, هەرلەو واقیعەشدا ئـەرکی تۆڵـە سـەندنەوە کەوتەئەسـتۆی خـودی نیشـــتمان پـــەروەرانی ئەرمـــەن کەلەســـالانی{١٩٢٠_١٩٣١}بەوپـــەڕی فیـداکاری و قارەمـانی چاونەترسـی سـەرانی حکومـەتی خـوێن ڕێـژی ئاژاوەکێڕی ئیتیحادی تورکی فاشستیان تیرۆرکرد,

بۆیـه لـەناو ئەوانـەش سـەرۆك وەزیرانـی ئازەربایجـان بـوو لەسـاڵی ١٩٢٠بەدەسـتی (ئـارام یەرگانیان)تیرۆرکراوهەرلەهـەمان سـاڵدا(عەباس بیگۆف)لەکوشـتاری ئەرمەنـدا پێگـەی پلـەدووی هـەبوو بەدەسـتی (یەرگان)تیرۆرکرا,دوای ئـەوەش کەسێکی ترکەدەستی تۆڵـەی پێگەشـت شەرمەزاری نێومێـژوو بـوو (تەلعـەت پاشـا)بوو کەلەکۆمەڵکوژیەکـەدا پلـە یەکی هەبو هەمووئەو فەرمانانەی ئەودەریدەکردن بۆکۆمـەڵکوژی ئەرمـەن هێشـتا مـاون, دوابـەدوای ڕوخـانی دەوڵـەتی عوسمـانی تەلعـەت ڕۆشـتە بـەرلین و لەوێـدا بـەنهێنی دەژیـا ئـەمیش دەسـتی تۆڵـەی پێگەشـت و

بەدەســـت کەســـایەتیەکی ئەرمـــەنی تـــیرۆر کـــرا بەناوی(ســـوغوفۆن تەهلیریان)کەئەویش لەسەردەمی کۆمەڵکوژیەکەدا بریندارببوو,تەهلیریان دەڵێت(کاتێك بەهۆش خۆم هاتمەوە چەند هەنگاوێك لەولامەوەبوك و دایـك و براو خوشکەکانم لەخوێندا نقوم بوبـون)وە خۆیشـی بەزەحمـەتێکی زۆر لەگۆڕستانی بێگۆڕی ئەرمەن ڕزگاری بوبوو,دواتر بەجلی تورکی و بـەناوی نــەخوازراو دەژیـا بــەلاّم پاشمـاوەك گەشــتە ئــەڵمان ولەوێـدا بــەدوای جینۆســایدکەرانی ئەرمەنــدا دەگــەڕا و بەتایبــەتیش تەلعــەت کەلــەویٚ بوو,پاش دۆزینەوەی ماڵەکەی و لەڕۆژی ٢١/ئاداری١٩٢١گەشـتە تەلعـەت و دەڵێت:بــەناوی خــۆی بــانگم کردوکــاتیٚ ئــاوڕی لێدامــەوەو پــێم وت (گۆڕهەڵکـەنی پـیس دواسـاتی تەمـەنت هاتوە)هەرلەوێـدا تـیرۆری کـردو تۆڵــەی مەعنــەوی خــۆی کــردەوەو دوابــەدوای ئــەوە خــۆی تەســلیمی دادگـاکردو دواتـر دادگـای لەسـەرکراو لـەداگا پرسـیار لەتـەهلیریان کـرا کەبکوژی تەلعەت بوو:ئایا ئەوانەی ئەرمەنیان کوشـت و تەقـەیان لێکـردن کـورد بـون؟ ئـەویش دەڵێـت: نـەخێر, پاشـان لێـی دەپرسـن:جلەکانیان کوردی بوو؟ پێیان دەڵێت:نـەخێر, لەڕاسـتیدا ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـەدادگا ویسـتویەتی بەهەرشـێوەیەك بێـت مەسـەلەکەو کۆمەڵکوژیەکـە لەسـەرکورد ئیسـپات بکـات بـەلاّم وەلاّم دانەوەکـەی تـەهلیریان بەنـەخێر

بەڵگەیەکی باشە لەبێتاوان دەرچونی کورد لەو مەسەلەیەدا وە بێبەری بەەنی کورد لەو کۆمەڵکوژیدا,

سەرەڕای ئەوانەش یەکێکی ترلەجەلادەکانی کۆمەڵکوژی ئەرمەن کەدەستی تۆڵەی پێگەشت (سەعیدحیلمی پاشا)بوو ئەمەیەکێك بوولەهاوکارە نزیکەکانی تەلعەت پاشا کە هەڵهاتبوو بۆ ئیتالیا و لەڕۆما دەژیا ئەمەبەدەست لاوێکی ڕاکردوی ئەرمەنی بەناوی (ئەرشاویز شیرگیان)تیرۆرکرا کەلەتورکیاوە ڕۆشت بۆ ئیتالیا و بەدوای ئەوداگەڕاو لەڕۆژی ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢١ دۆزییەوە تیرۆری کرد,

جگەلەوەش شۆڕشگێڕانی ئەرمەن حوکمی کوشتنیان بۆ (د.بەهائەدین پاشا)دەرکرد کەڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەکوشتاری ئەرمەنەکاندا ئەوە بو لەساڵی ١٩٢٢لە ئێربیلی بەهەمان شێوەی ئەوانیش تیرۆرکرا,وەدواتریش کەسێکی تر کەتۆڵەیان لێکردەوە و لەناویان بردئەویش {ئەنوەرپاشا}ی

وەزیری جەنگ و پێشەوای خەیاڵی تورکیای مەزن کەیەکێك بوو لەونەژاد پەرستانەی تورکیای لاو بۆدروست کردنی تورکیای مەزن لەگەڵ کۆمەلێك سەرباز سەردانی تورکستانی کرد تائەو ناوچەیەش بکاتە بەشێك لەقەڵەمڕەوی عوسمانی و(تورکیای مەزن) بەلاَم خۆشبەختانە پێش ئەوەی نەخشە خەیاڵیەکەی جێ بەجێ بکات دەستی تۆڵە یەخەی گرت و دوو ئەرمەنی قارەمان بەناوەکانی(پەترۆس تریۆغوسیان و ئەرتاش گورگیان)تیرۆریان کردو ڕەوانەی دۆزەخی هەتاهەتاییان کرد,یەکێکی تر لەو کەسانەی کەدەستی تۆڵەی پێگەشت (بەهبودخان جوانشیر)ی وەزیری ناوخۆی ئازەربایجان بوو کەلەکۆمەڵکوژی ئەرمەندا دەستی بالاَی هەبوو لە١٩ی تەمموزی ١٩٣١ لەئەستەمبوڵ بەدەستی (میساك تورلاکیان)تیرۆرکرا,کاری ئەرمەنکوژی تەلعەت و ئەنوەر و جەمال پاشا وای لەکەسایەتیەکی وەك (لۆردبرایس)کردکە بە(پیاو کوژی بێشەرم) ناویان ببات,بۆیە حەقی خۆی بوو ئەمانە تۆڵەیان لێبکرێتەوە چونکە ئەوانە بەلەناوبردنی ئەرمەن و سڕینەوەیان قەناعەتیان دەکرد و دڵیان ئاوی دەخواردەوە,

لەڕاستیدا کوژرانی ئەو ناپاك و خوێن ڕێژو ڕەگەزپەرستانە بەدەستی ئەرمەنەکان هەرچەندە ناکاتە تۆڵەسەندنەوەی تەواوی ئەرمەنەکان و سارێژبونی برینەکانیان, بەلاَم ئەوەی گرنگە ئەوان بەدەستی خۆیان

تۆڵـەیان لەناحـەزو خـوێن رێـژانیان کـردەوەو شـەرمەزاری نێـو مێـژوو و کۆمەڵگەلی مرۆڤایەتیان کردن و ڕەوانەی نێو زبڵدانی مێژوویان کردن, ئەمەش هەر هیچ نەبێت تاڕادەیەکی باش خەمـەکانی سەرشـانی ئەرمـەنی سوك و سارێژ کرد,ئەمەش چارەنوسی هـەموو مرۆڤێکـی دیکتـاتۆر زاڵمـی نێو مێـژووی مرۆڤایەتیـەو وەك وتـراوە پـەتی زوڵـم و سـتەم لەئەسـتوریدا دەبچڕێت, لەڕاستیدا ئەمە وەڵامی ئەو هـەموو پرسـیارانەیە کـەدەڵێن کـێ بەرپرســیارە لەکوشــتاری ئەرمــەن؟یان کوردەکــان بەرپرســیار بــون لەکوشتاری ئەرمـەن؟ بـەڵام ئـەی بۆچـی ئەرمەنـەکان و پـارتی داشـناکی ئەرمـەنی تۆڵـەیان لـەکورد نـەکردەوە و چـەند نـاوداریکی کوردیـان لـەناو نەبرد و تیرۆریان نەکرد وەك ئەنوەر و تەلعەت و جەمال......؟!!! بەڵام لەڕاستیدا تیری ژەهراوی ئەم جۆرە پرسیارانەی ئـەوان هـەرگیز ناتوانێـت پەیوەندی دۆستانەی کورد و ئەرمـەن و خـۆری ڕونـاکی نێوانیـان کۆتـای پێ بهێنێت,وەلەهەمووشـی گـرنگتر دوابـەدوای جـەنگی یەکـەم قۆنـاغێکی نوێتر لەپەیوەندی کورد و ئەرمەن دەست پێدەکات, ئەمەش خـاڵێکی زۆر گـرنگ و پڕبایەخـە چـونکە ئەگـەر کـورد دەسـتی هەبوایـە لەکوشـتاری ئەرمەنەن ئەوا ئەرمەنەکان هەرگیز ئامادەنەدەبون پـەیمانی دۆسـتایەتیان لەگـەڵ ببەسـتن و دەسـتی برایـەتی بخەنـە نێودەسـتی کـورد و درێـژە بەکاروانی پەیوەندیەکانیان بدەن.

ڕۆڵی شەریف پاشا
لەبەهێزکردنەوەی پەیوەندی کورد و ئەرمەن وسیاسەتی تورکیای کەمالی لەهەمبەر ئەو دوو نەتەوەیە

دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان و کۆتای هاتنی جەنگ بەپێی ئاگربەستی {مۆدرۆس} لەڕۆژی ۱۹۱۹\۱۰\۳۰هاوپەیمانان بەڵێنیان بەهەموو گەلە ژێردەستەکانی دەولەتی عوسمانی دا کەڕزگاریان دەکەن و داهاتویان دیاری دەکەن و لەزولم وزۆری عوسمانیەکان ڕزگاریان دەکەن ,هەرلەو سەروبەندەدا {ولسن}ی سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کەپێویستە هەموو گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی{ مافی چارەی خۆنوسین }وەرگرن,لەناو ئەوانەشدا هەردوو گەلی کورد و ئەرمەنی ستەم دیدەی دەستی تورك, ئەم گەلانەش زۆردڵخۆش بوون بەو بڕیارە,بۆیە بۆباشترکردنی ئەو بارودۆخەگەشتن بەمەبەستەکانی خۆیان بڕیاردرا بەبەستنی کۆنگرەیەك ئەوە بوو لەڕۆژی ۱۹۱۹\۱\۱۸کۆنگرەی{ئاشتی} لەپاریس بەسترا ئەوەش بەسەرپەرشتی ولاَتانی سەرکەوتوو لەسەروو هەموشیانەوە{ ولسنی} سەرۆکی ئەمریکا و {کلیمەنسۆ}ی سەرۆك وەزیانی فەرەنسا و {لویدجۆرج}ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا,سەرە ڕای ئەوەش نزیکەی {۱۷} وەفد بەشداریان تێدا کرد,ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێ ئەوەیە لەم کۆنگرەیەدا هێندە

بەرژەوەنـــدی زلهێزەکـــان ڕەچـــاوکرا هێنـــدە گرنگـــی بەلایەنـــەکانی ترنەدرا.... ! !

لەو سەروەختەشدا گەلانی ژێردەستەی ناوچـەکەش بـەهیوای بەدەست هێنـــانی ئـــازادی و مـــافی چـــارەی خۆنوســـین و پێکهێنـــانی دەوڵـــەتی ســـەربەخۆبوون,بۆیە شـــەڕی یەکـــەمی جیهـــانی و شکســـتی دەوڵـــەتی عوسمانی هـەلێکی گونجـاوی بـۆ ڕزگـاربونی نەتـەوە ژێردەستەکانی ئـەو ئیمپراتۆرە هێنایە ئاراوە لەسەروو هەموشیانەوە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمـــەنی ژێردەســـتە کەدروســـتبونی دەوڵـــەت ئـــاواتی هەمیشـــەی و لەمێژینەیان بوو, لەو کۆنگرەیەدا دوشانی ئەرمەنی بەشداربوون کەبریتی بـوون یـەکێکیان بەسـەرۆکایەتی(ئاوادیس ئاوهانیـان)ی نوێنـەری پـارتی تاشناق و کۆماری ئەرمەنی بوو کەدوای کشانەوەی روسیا سـەربەخۆیی ڕاگەیاندبوو،شـــاندی دووەمیـــان بەســـەرۆکایەتی (بـــوغس نۆبارپاشـــا)بوو نوێنەرایەتی ئـەرمینیای ڕۆژئـاوای دەکـرد واتـە ئـەو پارچـە ئەرمینیایـەی دەکەوتەنێو خاکی تورکیاوە.

ئـــەوەبوو لەوبارودۆخـــەدا ڕۆشـــنبیران و خـــاوەن ڕاکـــان و پیاومـــاقولآن و چـــەندین کۆمەڵـــەی کـــوردی هـــەوڵی بەســـتنی ئـــەو کۆنگرەیـــان بیســـت {شـەریف پاشـا} یـان وەك نوێنـەری خۆیـان هەڵبـژارد بۆبەشـداریکردن و بەدەســـت هێنـــانی مافـــە ڕەواکـــانی کورد,ئـــەوەی شـــایانی هەڵوەســـتە

لەسەرکردنە لەوسەردەمەدا کورد دەوڵەتێکی نەبوو تابەڕەسمی بەشداری بکات لەو کۆنگرەیەدا,لەوکاتەشدا شەریف پاشا لەپاریس بوو داوای لێکرا بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی کۆنگرە بۆسەندنەوەی مافی کورد و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەن, ئەوەبوو شەریف پاشا وەك سیاستمەدارێك خۆی گەیاندە کۆمەڵەکانی ئەرمەن بۆگفتوگۆلەگەڵیاندا بۆلابردنی ئەو ناکۆکیەی کەناحەزان بۆیان هەڵواسیبوون,لەڕاستیدا بۆچارەسەرکردنی کێشەوئارێشەدەسکردەکانی دوژمن، پێشووتر شەریف پاشا لەگەڵ{بوغزنۆبارپاشا}ی سەرۆکی وەفدی ئەرمەن لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨لەپاریس پەیمانێکیان مۆرکرد ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو تاڕێگەبگرن لەدەست تێوەردانی لایەنەکانی تر لەکێشە بەدرۆ هەڵواسراوەکان و زیاتر زەقنەکردنەوەی ئەوکێشانە,

لەلایەکی تر بۆ لەناوبردنی ئەو هەوڵەی درابوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنی لەسەرخاکی کوردستان بەهاوکاری زلهێزەکان و وەباسیش لەوە کرابوو کەتورکەکان ڕۆڵی خراپیان بینیبوو لەئاڵۆزکردنی پەیەوەندیەکانی کورد و ئەرمەن و قەلاچۆکردن و لەناوبردنی هەریەك لەکورد و ئەرمەن,بۆیە هەرلەو سەردەمەشدا سەرۆکی وەفدی ئەرمەن{بوغزنۆبارپاشا}لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩١٨ئەوەی ڕاگیاندبوو کە{سوڵتان عبدالحمید} و تورك بەرپرسیارن لەکوشت و بڕەکانی ئەرمەن

ئەمەلەلایەك و لەلایەكی تریش لەكۆنگرەی ئاشتی دا دیسان توركەكان هەوڵی ئەوەیان دەدا نێوانی كورد و ئەرمەن تێك بدەنەوە و بیاندەن بەگژیەكدا و لەهەمان كاتدا ئەوان لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆیان بەردەوم بوون,

لەڕاستیدا خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی شەریف پاشا لەو قۆناغەدا زۆرقورس و گران بوو چونكەكەش و سیاسەت و بەرژەوەندی زلهێزەكانی ئەوسەردەم لەگەڵ خواستە نەتەوەییەكانی كورد پێك نەدەهاتەوە,بەلاَم تاڕادەیەك بۆئەرمەن باشتربوو بۆدامەزاندنی دەوڵەتی ئەرمەنی چونكەتاڕادەیەك ولاَتانی ڕۆژئاوا لەگەڵیان بوون,تەنانەت لەو سەردەمەشدا ئەرمەنەكان بەهاندان و سیاسەتی زلهێزەكان داوای دوڵەتی خۆیان دەكرد ئەوەش زیاتر ناوچە كوردیەكانی{ئەرزەڕۆم و وان و خەرپوت و ئازەربایجان و دیاربەكر}ی دەگرتەوە بەلاَم ئەم جۆرە سیاسەتەو ئەم شێوازە داواكارییە كورد و نوێنەرەكەی دلگرانكردبوو, بۆیە هەوڵێكی زۆر درا ئەو داوایە لەمێشكی ئەرمەنەكان بسڕنەوە چونكە ئەوە لەبەرژەوەندی كورد و ئەرمەندا نیە ئەمە فیتی دوژمنی هەردوولایانە,

ئەوەش لەئەستۆی كەسێكی بەتوانای وەك شەریف پاشابوو تاهەوڵبدات ئەو پلانە گلاَوە دەسكردە لەمێشكی ئەرمەن دەركات,هەربۆیە لەڕۆژی

١٩١٩\١٢\٢٠ڕێکەتنێکی دووقۆڵی لەنێوان نوێنەری کورد شەریف پاشا و نوێنەری ئەرمەن بوغزنۆبارپاشا مۆرکرا و وەجێگری سەرۆك کۆماری ئەرمینیا {د.ه.ئۆهانجانیان}وەك چاودێر لەو دانیشتنەدا بەشدار بوو,لەواقیعدا ئەمەیەکەم جار بوو کەلەنێوان هەردوو میللەتی کورد و ئەرمەن بەڵگەنامەیەکی هاوپەیمانی ئیمزاکرا,ئەوەشی گرنگ بوو لەم یاداشتەدا هەردوو شاندەکە بەسەرۆکی کۆنگرەیان ڕاگەیاندبوو کەلەنێوان کورد و ئەرمەندا هیچ جۆرە کێشەو گیروگرفت و ئاریشەیەك لەئارادا نیەو ئەوەشی بمێنێتەوە سەبارەت بەدیاری کردنی سنورەکانی نێوان کوردستان و ئەرمینیا دواتر بۆخۆیان چارەسەری دەکەن ,لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەهەردوولا هەستیان بەمەترسی ناحەزان و دوژمنانیان کردبوو کەدەست بخەنەکارەکانیان و ئاژاوەیەکیان بۆدروست کەن,

ئەم پەیمانەش بۆئەوە بوو کە کێشەلەنێوان کورد و ئەرمەن دروست نەبێت و شەریف پاشا لەگەڵ نوێنەری ئەرمەنەکان کۆبویەوە و پاش ئەم کۆبونەوەیەش نوێنەری ئەرمەنەکان لەدروستکردنی ئەو دەوڵەتە پەشیمان بویەوە و داواکاریەکی هاوبەشیان لەگەڵ کورد بەرز کردەوە بۆکۆنگرەی ئاشتی,لەڕاستیدا ئەوە بوارێکی گرنگی بۆ دۆستایەتی و هاوکاری نێوان کورد و ئەرمەن دروستکرد,ئەوەی گرنگەبوترێ ئەوەیە ئەو

بەیانـەی ئـەو دوونوێنـەرە هاوبەشـە ئاڕاسـتەی کۆنگرەیـان کـرد دەنگـو سەدایەکی باشـی لـەوناوەوەی کوردسـتان و ئـەرمینیا و لـەناو کـۆنگرە و لەسـەر کاربەدەسـتان و حکومـەتی تورکیـاش هـەبوو وە دەسـەلاّتدارانی تـورك پێـی حەپەسـان تێیـدا هاتبوو(ئێمـە بەیەکـەوە بەڕێکـەوتنێکی تەواوەوە داوا لەکۆنگرەی ئاشتی دەکـەین بـەپێی بنـەماکانی نەتەوایـەتی مـافی سـەربەخۆیی بەئـەرمینیایی یـەکگرتوو و کوردسـتانێکی سـەربەخۆ بدەن),حەپەسانەکەی تورکیش بۆ ئەوەبوو چونکە لەمێژبوو زۆر بەخراپی و بەشـێوەیەکی هەڵواسـراو بـاس لـەخراپی پەیوەنـدی ئـەو دوونەتـەوە هاوستەم لێکراوە کرا بوو,

وە هـەرگیز چـاوەڕوان شـتێکی لـەو جۆرەنـەبوون وابەئاسـانی کـورد و ئەرمـەن پێـك بێنـەوە پێکـەوە بەهاوبەشـی داوای مافـەڕەواکانی خۆیـان بکەن,لەگـەڵ ئـەوەی شـەریف پاشـا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هـەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەهەڵواسراوەکان و بوختانە ناڕەواکـانی نێـوان ئـەو دوونەتەوەیە,

بەلاّم دیسان نەهامەتی کورد دەستی پێکرد و ئەوانەی ئـەم کۆنگرەیـەیان بەڕێوە دەبرد دانیان نەنا بەوەی کەشەریف پاشا نوێنەری کوردەو وەئـەو یاداشتانەی ئـەو دەیگەیانـدە کـۆنگرە کاریگەریـەکی وایـان نەبوو,چـونکە ئەمەش بەهۆی سیاسـەتی ئـەوان لەلایـەك و لەیـەکی تـریش پاڵپشـتیەکی

نێودەوڵەتی بەهێزی نەبوو ئەمانەو چەندان فاکتەری تر بویە هۆی ئەوەی شەریف پاشاڵەڕۆژی ٢٧\٤\١٩٢٠دەست لەکاری نوێنەری بکێشێتەوە,بەلاَم شۆڕسواری کورد جارێکی تر ویژدانی قبوڵی نەکرد لەپێنا مافەڕەواکانی میللەتەکەی تیَ نەکۆشیَ و ئەوئەرکە لەئەستۆ نەگریَ بۆیە دیسان لەڕۆژی ١١\٥\١٩٢٠نوێنەری کورد جەنەراڵ شەریف پاشا سکالاَنامەیەکی بەناوی کورد ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتی کرد و هەمیشە لەخەمی نەتەوەکی بوو,بەلاَم بارودۆخ بەوشێوەیە مایەوە تابەستنی پەیماننامەی سیڤەر,

ئەوەبوو لەو سەروەختەشدا هێزە سەرکەوتەوەکانی شەڕ پەیماننامەی سیڤەریان ئیمزاکرد,ئەمەش لەرۆژی ١٠\٨\١٩٢٠لەلایەن چواردە دەوڵەتەوە بەسترا ولە١٣ بەش و ٤٣٣ مادەشی لە خۆدەگرت, وەلەوێدا کێشەی کورد پانتاییەکی باشی وەرگرتبوو،ئەوەی گرنگە لەم پەیمانەشدا نوێنەرانی کورد و ئەرمەن بەشداریان کرد و تاڕدەیەك گویَ لەم نوێنەرانە گیرابوو,لەواقعیدا ئەم پەیمانە تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەزبوو,بەلاَم تاڕادەیەك ڕێژەی بەرژەوەندی پێکهاتە ئەتنیکیەکان ڕەچاوکرابوو,چەند مادەیەکی سیڤەر بۆنەتەوەکانی کورد و ئەرمەن تەرخان کرابوو,بەلاَم بەتەواوی خواست و ئاوات و بەرژەوەندی ئەو دوو نەتەوەیەی نەهێنابەدی,چونکە وەك دەڵێن{پەیماننامەی سیڤەر بە مردووی لەدایك

بـوو} بـەلاّم لەچوارچـێوەی ئـەم پەیمانـە مـردووەدا دوو دەولّـەتی نیمچـە سەربەخۆی کورد و ئەرمەنی دیاری کرابوو,

ئـەوەی تایبـەت بـوو بـەکورد لـەمادەکانی {٦٤,٦٣,٦٢}پێـك هـاتبوو, ئەوەشـــی تایبـــەت بـــوو بەنەتـــەوەی ئەرمـــەن لـــەمادەکانی {٩٣,٩٢,٩١,٩٠,٨٩,٨٨}پێك هاتبوو, ناکرێـت لێـرەدا بـەوردی نـاوەڕۆی مادەکان بخرێتە ڕوو,بەلاّم دەکرێت بلّێم ئەم مادانـە بەشێوەیەکی مـردوو لەنێو پەیمانە مردوەکەدا ناوهێنرابوون و وەك لاشەیەکی مـردوو خرابوونـە ڕوو, لەوەشدا ئەتاتورك ڕۆلّێکی بەرچاو و دیاری هەبوو, چونکەئەوان دژی هەموو ئامانج و ئاواتێکی ئەم دوو نەتەوەیە بوون,بەمەش سیڤەر نەیتوانی ئومێدەکانی گەلانی ژێردەستی عوسمانیەکان بهێنێتەدی و لەزولّم و ستەم ڕزگاریان بکات و ئاشنایان بکات بەدەولّەتی سەربەخۆی خۆیان.

بـەو شـێوەیە سیاسـەت و هـەلّی تورکیـای فاشسـت بـەردەوام بـوو لەسیاسەتی خرپی خۆی بەرمبـەر هەریـەك لـەکورد و ئەرمـەن و هەولّـدان بۆسـڕینەوەی نەتـەوەی و دژایـەتی کردنـی کـەلتورو فەرهـەنگ و زمـان ومێـژووی ئـەم دوونەتەوەیـە و درسـتکردنی کۆسـپ و لەمپـەر لەڕێگـەی سـەرنەگرتنی پـەیمانی سـیڤەر, بۆیـە سـەرئەنجام بەیـەکجاری پـەیمانی سیڤەریان خستە نێو ئەرشیفی مێژوو و خەون ئاواتەکانی ئـەو دوونەتـەوە سـتەم لێکراوەیـان لـەگۆڕنا, وەدواتـریش پـەیمانی {لـۆزان}یـان

لـەa٢٢\تــەمموز١٩٢٣ بـەدوو قۆنــاغ هێنایەجێگەی,ئەمــەش بویــە هــۆی بەهێزبون و دارشتنی بناغەی دەوڵەتی تورکی کەمالی و دواترکۆتای هێنان بەخەلافـەتی عوسمـانی, بـەم شـێوەیە دەولـەتی تـورکی عـەلمانی کـردە ئەمری واقیع و ئەرمینیای رۆژئاوای لەسەر جوگرافیا سرپیەوە و لەلایـەکی تـر لەسەرجەسـتەی مانـد و شـەکەتی کـورد پایـەکانی خۆیـان بـەهێزکرد, تەنانـەت کەمالیـە نەتەوەپەرسـتەکان و شـۆڤێنیەکان هـەر لەسـەرەتای گرتنە دەستی دەسـەلآتی سیاسـی و سـەربازی خۆیان,یەکـەم ئامانجیـان هەلوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر بـوو وەلەمەشـدا سـەرکەوتووبون و پەیماننامەی سیڤەریان بەمردووی خستەنێوگۆری هەتاهەتای,

سـەرە رای ئـەوەش تورکیـای کـەمالی هـەرگیز رازی نـەبوو دان بەبنـەمای نەتەوایــەتی ئـــەو دوو نەتەوەدابنێت,بـــەلآم خۆشـــبەختانە دوای ئـــەو کۆنگرەیـە خـەباتی سیاسی و سـەربازی کـورد و ئەرمـەن بـەردەوام بـوو زۆرجاریش هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوانیان دروست دەبوو,

لەسـەروو ئـەو سیاسـەتە خراپانـەی ئـەتاتورك لەهەمبـەر کـورد وئەرمـەن پەیرەوی دەکرد هێشتا تروسکای هاوسـۆزی و هاوکـاری کـورد و ئەرمـەن هەربەردەوام بوو,تەنانەت لەسەردەمی کۆماری تورکیـادا قۆنـاغێکی تـری پەیوەندی دۆسـتانە بەشـێوەیەکی رەسمـی تـرو تونـدوتۆلتر هاتەکایـەوە, ئـەوەبوو کەشۆرشـەکەی {شـێخ سـەعید} سـەری هەلـدا دژی سیاسـەتی

تورك و كـەمالیزم و هـەڵوێسـتـەخراپـەكـەیان لـەو شۆڕشەشـدا ئەرمەنـەكان دیسـانەوە هاوكـاری كـورد و شۆڕشـەكەیان كـردەوە بەمـەش دیسـان لاپەڕەیەكی پڕشانازیان بۆخۆیان تۆماركرد,بەڵام سەرئەنجام كەمالیـەكان ئـەو شۆڕشـەیان سـەركوتكرد و كەوتنـە وێـزەی كـورد و ئەرمـەن و ڕاوەدوونانیان,ئەوەی گرنگە لێرەدا بۆ دیرۆك بوترێ و جێگەی شـانازیمان بێت ئەو هەوڵ و ماندوو بونەی كەسایەتی كورد شەریف پاشا بوو كەلەناو نازو نیعمەتی خۆیدا كوردی لەیاد نەكرد و بەتەنگ كێشەی كوردەوە بـوو لەپێناوەشـدا مانـدووبونی زۆری چەشـت,بۆیە نابێـت ئێمـەی كـورد ئـەو كەسـایەتیە كـورد پـەروەرەمان لەیادبچـێت, ئـەوەی گرنـە لێـرەوە لـەم قۆناغە بەدواوە سەردەمێكی تـر لـەهاوكاری و هاوكۆمـەكی و هاوسـۆزی لـەنێوان كـورد و ئەرمـەن دەسـت پێدەكاتـەوە, ئەمـەش لەسـەردەمی كۆمەڵەی {خۆییبون} كەدەچێتە چوارچێوەی پـەیمانێكی دۆسـتایەتی و ستراتیژی.

دۆستایەتی و پەیوەندی ستراتیژی کورد و ئەرمەن لە کۆمەڵەی خۆیبوندا

ئەگەر پەیوەندیەکانی پێشووی نێوان کورد و ئەرمەن پەیوەندیەکی خۆرسك بووبن یاخود سەرئەنجامی دۆخێکی تایبەتی بوبێت ئەوا پەیوەندیەکانیان لەسەرەتای سەدەی بیستەم و لەگەڵ گەلاڵە بوونی بزووتنەوەی سیاسی کوردی و بزووتنەوەی سیاسی ئەرمەنی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە دەبینی بۆیە پەیوەندیەکی سیاسی بتەو و ستراتیژی لەنێوان پارت و ڕێخراوەکانی کورد وئەرمەنی،لەنێو ئەم پەیوەندیە دیارانەدا پەیوەندیە دۆستانەکەی نێوان پارتی تاشناقستیۆن و پارتی یەکێتی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی و پارتی خۆییبونی کوردی بوو کەلەدوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دروست بوبوو.

دوابەدوای سەرکوت کردنی شۆڕشی {شێخ سەعیدی پیران} لەساڵی ١٩٢٥و لەسێدارەدانیان لەڕۆژی ٣٠\حوزەیرانی ١٩٢٥, لەپایزی هەمان ساڵدا لەخارپێت {٤٠٠} نیشتیمان پەروەری کوردیان لەسێدارە داو دواتریش لەناوچەیەکی سەربەبینگولیش {١٠٠} هاولاتی دیکەی کوردیان لەسێدارە داو هەڵیان واسین, تەنانەت لەو ڕۆژگارەشدا ڕۆژنامەی {وەقت}ی تورکی دەنوسێت{چیتر پرسی کورد لەئارادا نەماوە} ,

جگەلەوەش تورکە کەمالیەکان بەشێوازێکی زۆر توند و تیژو و دڕندانە لەدژی تاکەکانی کورد وئەرمەن هەڵسوکەوتیان دەکرد هەر لەو سەرو بەندەدا شێخ سەعید پێشبینی ئەوەی دەکرد تورکەکان هەوڵی بلاّوبوونەوەی نائارامی و پشێوی دەدەن بۆ ئەوەی ناکۆکی بکەوێتە نێوان کورد و ئەرمەنەکان بەلاّم خۆشبەختانە پێچەوانەی خواستی تورکەکان ئەرمەنەکان هاوکاری شێخیان دەکرد بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ,تەنانەت لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ دا باشی پەیوەندی کورد و ئەرمەن بوون بەشاهید بۆ ئەو ڕۆژگارە،

ئەرمەنەکان لەو ڕاپەڕپەڕینەدا بەشداریان کرد،بۆیە هەر لەسەرەتاوە شێخ سەعید فەرمانی بۆ هەموو لایەك دەرکرد کەبەهیچ شێوەیەك دەست درێژی نەکەنە سەر مال و مۆڵکی ئەرمەنەکان چونکە شێخ هەستی بەوەکردبوو کە تورکەکان نیازیانە درزێك بخەنە دۆستایەتی کورد و ئەرمەنەوە،بۆ ئەو مەبەسە ئاگاداری بەهەموو کوردێکداکە(هەرکەسێك دەست درێژی بکاتە سەر ئەرمەنەکان ڕووبەڕووی توندترین سزا دەبێتەوە)ئەم فەرمانەی شێخ دەنگ و سەدایەکی باشی دایەوە لەنێوەندە کوردیەکاندا،بەلاّم تورکەکان کەتنە بلاّوکردنەوە ئەو سیاسەتەی خۆیان بۆ شێواندنی ڕاستیەکان و دژایەتی کورد و ئەرمەن.

وەبـــەهۆی ئـــەو سیاسەتەڕەگەزپەرســـتیەی تورکـــەوە ژمارەیـــەکی زۆر لەئەرمەن کۆچیان کرد و خاکی خۆیان بەجێ هێشت,تەنانەت ژمارەی ئەو ئەرمەنـــــــــە کۆچـــــــــکردوانەی تورکیـــــــــا لـــــــــەنێوان سالآنی{١٩٢١_١٩٢٥}گەشتە{٥٥٠٠٠}هەزارکەس,بەهۆی ئـەم سیاسـەتە خراپەی تورکەکەمالیـەکان هەریـەك لـەکورد وئەرمـەن ناچاربوون ڕێگـەی هەڵهاتن بگرنەبەر,ئەوەبوو بەشێك لەڕوناکبیران و پیـاوانی سیاسـی کـورد لەتورکیا هەڵهاتن و ڕویان کردە ناوچەقەڵەمڕەویەکانی فەرەنسا{سـوریا و لوبنان} و قەڵەمڕەوی ئینگلیـز{عێـراق}لەوێـدا خۆیـان گرتەوە,بەهـەمان شـــێوەش ئەرمەنـــەکان لەترســـی گیـــانی خۆیـــان هەڵهاتبوونـــە ئـــەو نێوچـانە,لەوکاتەدا ئەرمەنەکۆچـکردوەکان و کوردەکـان لەسـوریا تـازە پێکـــــەوە دەژیـــــان لەچوارچـــــێوەی پەیوەندیـــــەکی گـــــەرم و گوڕداوەنزیکبونەوەیەکی باشتر لەنێوانیان هاتەئاراوە,

دەمـەوێ بـۆدیرۆك ئـەوە بڵـێم ئـەو سیاسـەتە خراپـەی تـورکی فاشیسـت لەبەرامبـــەر هەریـــەك لـــەکورد و ئەرمـــەن پیـــادەی دەکـــرد ســـەرلەنوێ پەیوەندی ئـەودوو نەتەوەیـەی نـوێ دەکـردەوە و گیـانی برایـەتی بـەهێز دەکردن و وای لێکردن سەرلەنوێ بەدوای پەیوەندیەکی باشترو بـەهێزتردا بگەڕێن,

لەڕاستیدا هەڵهاتنی هەریەك لەکورد و ئەرمەن بۆئەو ناوچانە بوارێکی باشتری بەو دوو نەتەوەیەدا تادەروازەیەکی نوێتر و باشتر لەپەیوەندی لەدەرەوەی خاك و نیشتیمانی خۆیان بکەنەوە,ئەوەبوو{ ئەسکەندەر بەگ}پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەرمەن پێشخست لەسوریا و لوبنان و سەرلەنوێ پەیوەندیەکی باشتری ڕێکخستەوە,لەوسەرو بەندەدا بەهۆی سیاسەتی مەغۆل ئاسای تورکەوە نیشتیمانپەروەرانی کورد خۆیان ئامادەکرد بۆبەستنی کۆنگرەیەکی بەهێز,بۆیە بەنهێنی و ئاشکرا کۆڕو کوبونەوەیان ڕێکدەخست و سەرئەنجام گەشتنە ئەو باوەڕەی کەهەنگاوی یەکەمیان بنیاتنانی پارتێکی سەرەکی سیاسی کوردستانی بێت,ئەوەیان بۆڕوون بویەوە ئەگەر بەدەست و برد شتێك نەکەن ئەوا تورکەفاشیەکان کوردیش بەدەردی ئەرمەنەکان دەبەن,لەم کارەشدا ڕۆشنبیرێکی وەك(مەمدوح سەلیم) ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرا لەم نزیك بوونەوەیەدا چونکە دۆستایەتی و پەیوەندیەکی باش و فراوانی هەبوو لەگەڵ کەسایەتیەکانی ئەرمەندا پارتی داشناکی ئەرمەنی بەهەولۆماندبوو بوونی ئەم دەزانن و دەست خۆشی لێدەکەن و لێرەوە گفتوگۆ و دانیشتن دەستی پێکرد، دای کۆبوونەوەی سەرانی کۆمەڵە کوردیەکان بڕیاریاندا کۆنگرەیەکی گشتی ببەسترێ بەناوی (کۆنگرەی نەتەوایەتی کوردی) بەهۆی ئەم پەیوەندیەی نێوان مەمدوح سەلیم و پارتی داشناکەوە

لەلوبنان توانرا کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی کوردی لەماڵی (واهان پاپازیان) لەشاری بمحدون لەلوبنان لەساڵی ١٩٢٧ ببەسترێ دای گفتۆگۆ و دانیشتن توانرا بڕیار لەسەر دامەزراندی کۆمەڵەی خۆیبوون بدەن،

ئەوەبوو لەڕۆژی ٥\١٠\١٩٢٧کۆنگرەی دامەزراندن دەستی پێکرد لەهاوینەهەواری {بمحدون} لەلوبنان,لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەك لەئەفسەر و کەسایەتی ناودار و هەندێك سەرۆك خێڵ و عەشیرەت بەتایبەت ئاوارەبوەکان لەکۆنگرەیەدا بەشداربوون,لەوەش گرنگتر سەرانی چوارکۆمەڵەی کوردی ئامادەبوون هەمویان بڕیاردەدەن خۆیان هەڵوەشێننەوە و لەچوارچێوەی یەك ڕێکخراودا واتە {خۆیبون} یەك بگرنەوە,

سەرئەنجام کۆمەڵەی خۆیبون دامەزرا,وەخۆیبون لەیەکەم کۆنگرەی خۆیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دا کەتێیدا ئاماژەبەگەلی ئەرمەن دەکات ئەو بڕیارەش لەشەش مادەپێك هاتبوو وە لەمادەی چوارەمدا دان بەهەمووماف‌ەکانی ئەرمەندا دەنێت دەڵێت {پەسەندکردنی هەموو ئەو شتانەی کەپەیوەندیان بەئەرمەنەوە هەیە لەڕووی ئازادی و بیروباوەڕ و پەسەندکردنی جیاوازی و تێپەرکردنی ناکۆکی تایفی و پتەو کردنی دۆستایەتیان} ئەمەش خاڵێکی گرنگ و پڕبایەخە بۆئەرمەنەکان,بەم جۆرە سەرلەبەری کونگرەکە گیانی برایەتی کورد و ئەرمەن

لەخۆدەگرێت,لەڕاستیدا دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لەو سەردەمەدا بەوەرچەرخانێکی دیار لەمێژووی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد ئەژمار دەکرێت و بایەخێکی گرنگ و دیاری هەبوو لەمێژووی کورددا,لەو واقعیەدا سەرکردایەتی خۆیبون هەوڵی ئەوەی دەدا پەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن بەهێزبکات و پێشنیاری ئەوی کرد کەهەردوو گەلی برای کورد و ئەرمەن ناخۆشی و ڕوداوە تراژیدیەکانی ڕابردوولەیاد کەن و لاپەڕەیەکی تازە لەهاوکاری و لەیەك گەشتن لەنێوانیان بکەنەوە ,

ئەمەش بویەهۆی ئەوەی ئەودوو نەتەوەیە ناکۆکیە هەڵواسراوەکانیان لەیادکەن و لەسەر بنەمای نوێ لاپەڕەیەکی پڕ شانازی و دۆستایەتی و هاوکاری بکەنەوە,لەوسەرو بەندەدا پارتی داشناك هەوڵی ئەوەی دا لەگەڵ کوردەکان خەباتێکی رزگاری هاوبەش دەست پێبکات, لەو سەروبەندەدا پەیوەندیەکی دیاروبەهێز لەنێوان پارتی تاشناکی ئەرمەنی کۆمەڵەی خۆیبونی کوردی دەنگی هەبوو کە دوای شۆڕشی شێخ سەعید دروست بوو ئەم پەیوەندیە دۆستانەش لەئەنجامی کۆمەڵێك دانیشت و بەیەك گەشتنی نوێنەری کورد وئەرمەن بوو لەکوردستان و تاراوگە هاتەبوون.

لەبەر ئەوە لەدامەزراندنی خۆیبوندا دا ئەو پەڕی هاوکاری و هەماهەنگیان نیشاندا, وە سەر ئەنجام خۆیبون ئارەزوو مەندی ئەوە بوو

كەهاوپەیمانیەك لەگەڵ پارتی داشناكی ئەرەمەنی ببەستێت,ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٧واتە هەمان ساڵ خۆیبونی تیا دامەزرا هەردوو پارتی داشناكی ئەرمەنی و خۆیبون پرۆتۆكۆڵێكی هاوكاریان مۆركرد,ئەمەش بەئامادەبونی چەندین كەسایەتی كورد وەك{عەلی ڕەزا و مستەفاشاهین بەگ و جەلادەت بەدرخان و حاجۆ ئاغا و ئەمین ئاغا وكەریم ڕۆستەم و مەمدوح سەلیم و شوكری سەكبان} و وەئەرمەنەكانیش بەئامادەبونی {واهان پاپازیان } بەشداریان كرد, ئەمەش نوێنەرو بەرپرسی پارتی داشناكی ئەرمەنی بوو,لەم پەیمانەدا ئاماژە بەخواستە هاوبەشەكان و سەربەخۆی سیاسی و خواستەنەتەوەییەكانبان كرابوو,لەپێناو دابینكردنی بەرژەوەنیەكانی هەردوو گەلی ئاری و وەپێوستیشە پەیوەندی برایانە بێتەئاراوە,ئەم پەیمانەی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە لە١٩ مادە پێكهاتبوو, لەمادەكانیشدا زیاتر گوزارشت لەهاوكاری و سەربەخۆی و یارمەتی هاوبەش دەكات و تەنانەت لەمادەی پێنجەمدا پارتی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی بەڵێن دەدات كەدامودەزگاكانی خۆی لەئەمریكاو ئەوروپابخاتە خزمەت ناساندنی دۆزی كورد و پوچەڵكردنەوەی پڕوپاگەندەی توركی كەمالی دژی كورد,

وەلەمادەی شەشەمدا داشناك بەڵێن دەدات لەڕووی دارای یەوە یارمەتی خۆیبون بدات و لەمادەی دەیەمدا پارتی ناوبراو بەڵێن دەدات

لەچالاکیەسەربازیەکاندا لەڕووی ئازوقەو جبەخانەوە هاوکاری خۆیبون بکات,جگەلەوانەش لەمادەی یانزەیەمدا باس لەوە کراوە ئەگەر هەرناکۆکیەك لەنێوانیان هاتەئاراوە ئەوا دەبێت بەگفتوگۆچارەسەری بکەن و نابێت لەچوارچێوەی ئەو پەیمانە دەرچن,ئەمەش ناوەڕۆکی هەندێك لەمادەکانی پەیمانەکەبوو,لەڕاستیدا دەبێت بۆ مێژوو ئەوەبڵێم پەیمانی نێوان داشناك و خۆیبون بەوەرچەرخانێکی نوێتر لەپەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن لەقەڵەم دەدرێت,پێشتر لەقۆناغی یەکەمدا پەیوەندی ڕەسمی یان خۆرسك دەستی پێکرد بەڵام لەقۆناغی دووەمدا بەهۆی ئەم پەیمانەوە پەیوەندی هەردوو نەتەوە بەئاراستەی پەیمانی ستراتیژیدا ڕۆشت,

سەرەڕای ئەوانەش هەرچەندە خۆیبون لەلایەن کوردەکانەوە پێك هاتبوو بەڵام یارمەتی دانی ئەرمەنەکانیش بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ کوردەکان لەچالاکیەکانی خۆیبوندا ئەمەکارێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخ بوو,وەڕۆڵێکی زۆرباشیان هەبوو بۆ ئەوەی خۆیبون بتوانێت پەیوەندی بەزۆر شوێنی جیهانەوە بکات,بەتایبەت لەگەڵ کوردە ئاوارەکانی ئەمریکاوفەرەنسادا,بەم شێوەیە کوردەکان توانیان لەڕێگەی ئەرمەنەکانەوە دەروازەیەکی دیبلۆماسی و گرنگ بەڕووی خۆیاندا بکەنەوە چ لەدەرەوە و چ لەناوەوە,ئەوەبوو {سورەیابەدرخان}

لەگــەڵ{گریگــۆر ڤارتانیــان}کەڕابــەرێکی چــالاکی ئەرمــەنی بوو,چــونە ولأتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو وەلەگەڵیدا چوەتە لەندەن و ڕۆما و ئەسـینا و پاریس,

هەرلـــەو ڕێگەیەشـــەوە ئەرمەنـــەکانی ولأتەیـــەکگرتوەکان یارمـــەتی و پیتاکـەکانی خۆیـان دەگەیانـدە خۆیبـون ,سـەیر لـەوەدا بـوو کوردەکـان کەژمارەیان لە{١٠_١٥}هەزارکەس دەبوو سالأنە پەنجا تا شەست هـەزار دۆلاریـان کـۆدەکردەوەو بـەو پـەڕی کـورت بینیـەوە دەیـان دایـە کـەمال ئەتاتورك پێدەچێت ئەمەش بەهۆی نەبوونی وشیاری ە هەستی نەتـەوەی بوبێت,

بەلأم خۆشبەختانە لەڕێگەی سورەیا و ڤارتانیان بەهەولۆماندوبونی ئەوان ئـەو کوردانـەیان ڕازی و وشـیارکردەوە کـە ئـەو بـڕە پارەیـە پێشـکەش بەخۆیبون بکەن ئەوانیش بەمـە ڕازی بـوون,لێرەوە کـورد تـوانی جـارێکی دی هاوکاری و دۆستایەتی ئەرمەنی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی هــەردوو نەتــەوە بەدەســت بهێنێتەوە,ئەرمەنــەکانیش لەناوەنــدی نێــوان خۆیبون و ولأتاندا ڕۆڵێکی دیاری هـەبوو تەنانـەت ڕۆژنامەگـەری ئەرمـەنی هەنگاوێکی گەورەی هاویشت لەولأتانی ئـەمریکا و ئـەورووپادا ئەوترسـەیان خسـتە ڕوو کەلـەتورکیا ڕووبـەڕووی نەتـەوەی کـورد دەبێتـەوە ئەمـەش خـاڵێکی جەوهـەری و گرنگـە کـە ئەرمەنـەکان سـەرەڕای ئـیش و ئـازار و

جەستەی بریندراری خۆیان کەچی لەو قۆناغەشدا ئێش و ئازاری کوردیان لەیاد نەکردبوو وەبەتەنگ خەمی کوردەوە بوون,

هەرلەو ڕوانگەیەشەوە زنار سلوپی دەڵێت{لەو ڕۆژانەدا کورد پێویستی زۆری بەهاوکاری و دۆستایەتی ئەرمەن هەبوو چونکە کورد وەك ئەرمەن ئەو توانایەی نەبوو دەنگی بێزاری خۆی و باسی شۆڕش و ئامانجەکانی بگەیەنێتە ولاٌتان} , لەلایەکی تر نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت پارتی داشناك کەپشتیوانی لەخیبون دەکرد لەبەر ئەوەبوو ئەوان لەتورکیادا نەیان دەتوانی بەتەنیا هیچ جۆرە جولاٌنەوەیەك بکەن و وەدەیان ویست سوود لەڕاپەڕینی کوردان وەرگرن دژی حکومەتی دیکتاتۆری تورکی کەمالی کەبەدوژمنی سەرسەختی هەردوولایان دەزانین,لەمەوە ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە کەهەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن لەڕۆژە سەخت و دژوارەکانیشدا هەرپێویستیان بەیەك بوەو هاوکاری یەکتریان کردوە,

بەم شێوەیە ڕێبەرانی تازەی خۆیبون دێنە سەر ئەوەی کەهەموو بەدحاڵی و ساردوسرپیەکی نێوان ئەم دوونەتەوەیە بەیەکجارەکی حەل و فەسلٌ کراوە و شتێکی وا لەئارادا نەماوە شایەنی باسکردن بێت,بێگومان ئەم هاوکاری و پێکەوە ژیان و دۆستایەتیە لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیە بەشێوەیەکی زیندو کاریگەر هەتا نسکۆی شۆڕش و تەنانەت دوای

شۆڕشیش هەربەردەوام بوە,وە کاتێك شۆڕش دەستی پێکرد ئەرمەنەکان لەسەر هاوکاری و یارمەتی خۆیان بەردەوام بوون,

بەتایبەتی ئەرمەنەکان لەتەورێز کارخانەیەکی بچوکی چەك و فیشەکی سەربازیان ڕێکخست و بە بەردەوامی فیشەك جبەخانەیان دەنارد بۆ فیداکارانی چیای ئاگری و هاوکۆمەکی شۆڕشگێڕانیان دەکرد ئەوە بۆ هەموو لایەك ڕوون بویەوە بەهەڵگرسنانی شۆڕشی ئاگری ئەوە بویە خاڵێکی وەرچەرخان لەپەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن جگە لەوەش پارتی داشناکی ئەرمەنی لەشۆڕشی ئاگری بەشداریەکی تەواوی هەبوو تەنانەت (ڕۆبین پاشا) سەرکردەیەکی تاشناکی بوو لەهەوڵی بەدەست هێنانی پشتوانی بەریتانا و ئێران بوو بۆ کوردەکانی تورکیا لەهەوڵی پەیداکرنی چەك و تفاقی ئێرانی بوو بۆ کوردەکان,

تەنانەت دوای شکستی شۆڕشی ئاگری لەساڵی ١٩٣٠داشناك لەکۆنگرەی {سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ} دا بەشدار بوو کەلەڕۆژی ٣٠\ئابی١٩٣٠لەسویسرا بەڕێوە چوو,لەڕاستیدا بەپێی داواکاری داشناك لەو کۆنگرەیەدا مادەیەکی کۆنگرەکە باس لەکوشتاری کورد دەکات کە بەدەست تورکەکان کراوە,وە وتراوە تورکەکان دەیانەوێت ئەوەی بەسەر ئەرمەنیانداهێناوە بەهەمان شێوە بەسەرکوردیشدا بهێنن,

ئەمەیە هەڵویستی جوامێرانی ئەرمەنی برای کورد کەلەدەرەوەش لەخەم و ئازاری کوردا بوون,لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دوای شکستی شۆڕشەکە ئەرمەنەکان بەوەفابون وپابەندبوون بەوپەیمانەوە وپشتی کوردیان بەرنەداو درێژەیان بەهاوکاریەکانیان دەدا,هەرئەمەش وای لەکەسایەتیەکی وەك زنار سلوپی کردبلێت{بەڕاستی ئەرمەنەکان پابەندبوون بەبەڵێنەکەیان و چی کەوتە ئەستۆیان درێغیان نەکرد,تەنانەت لەچاپکراوەکانیشیاندا بەرگریان لەپرسی کورد دەکرد}

سەرئەنجام پەیماننامەی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە گرنگی و بایەخی مێژووی خۆی هەبوو,گرنگیەکەشی لەوەدا بوو کەتائەو سەردەمەش هەندێك ئەرمەنی توندڕەو هەبوون پڕوپاگەندەیان لەدژی کورد دەکرد,بەلام دوابەدوای ئەم پەیمانە ئەرمەنەکان بەیەکجاری بڕیاردەدەن کەبەهەمووشێوەیەك واز لەوپڕوپاگەندەکانیان لەدژی کورد بێنن و وەبەدەم کێشەی کوردەوەبن,

ئەمەلەلایەك و لەلایەکی تریش ئەم پەیمانە لەئاستی دەرەوە ناوەوەش گرنگی مێژووی هەبوو,لەڕووی ناوەوە هەردوولا بەتەواوی کەوتنە هاوکاری یەك و لەپێناو دابین کردنی بەرژەوەندیەهاوبەشەکان تێکۆشان و بەتەواوی چارەسەری کێشەو ئاریشە هەڵواسراوەکانیان کرد و لاپەڕەیەکی پرشنگداری پڕشانازیان بۆ هەردوو نەتەوە تۆمارکررد و

یەکێتی و دۆستایەتی و پەیمانی نێوانیان پاراست و دژی دوژمنی خۆیان و پڕوپاگەندە هەڵواسراوەکان بوون جگەلەوەش ئەرمەنەکان بەتەواوی وازیان لەخەونی دروستبونی دوڵەتی گەورەی ئەرمەنی هێنا لەسەرخاکی کوردستان, وەلەئاستی دەرەوەش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بەوەی کەلەڕێگەی ئەرمەنەکانەوە دەنگی کوردەکانیان گەیاندە دەرەوە و سەرنجی کوردان و ئەمەنی دەرەوەیان بۆ کۆمەڵەی خۆیبوون ڕاکێشا,وەلەڕووی هاوکاری و هاوسۆزیەوە لەدەرەوە بەرگریان لەپرسی کوردەکان دەکرد و لەلایەکی تریش کوردیان بەبێتاوان ناو دەبرد و ئەوەشیان ڕاگەیاند کەتورکیای کەمالی دژی کورد و شۆڕشەکەیەتی,

بەمەش ئەم پەیمانە سەلماندی کورد و ئەرمەن دۆستی یەکن و وەپەیوەندیەکی ستراتیژی لەنێوان ئەوە دوو نەتەوەیەدا هێنایەبوون,ئەم پەیمانە هەتا دوای کۆمەڵەی خۆیبون بەردەوام بوو, وەهەتا ئەمڕۆش هیچ جۆرە کێشەو گێروگرفتێك لەنێوان ئەو دوونەتەوەیەدا ڕووی نەداوە شایەنی باسکردن بێت و لاپەڕەکانی مێژوو شتی وای بۆ تۆمارنەکردوین و شایەتحاڵی ئەو ڕووداو و سەردەمەن,

سەڕای ئەوەش ئەم پەیمانە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر دواڕۆژی پەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن هەبوو تەنانەت تائەم سەردەمەش بەشی کوردی لەڕادیۆکانی یەریڤانی ئەرمەنی دانراوە هەواڵ و گۆرانی کوردی

لێدەدەن و گرنگی بەکەلتورو فەرهەنگی کوردی دەدرێت و پەیوەندەکان بەتەواوی ئاساین و هەردوولا گرنگی بەیەك دەدەن..لەکۆتایدا بەهیوای ئەوەی تونیبێتم سەرە داوێکی ڕاستیەکانم بۆ خوێنەرانی کورد ڕوون کردبێتەوە و ئاشنام کردبێتن بەڕاستیە مێژووییەکان.

وە دەکرێت بۆ مێژوو ئەوە بڵێن شۆڕشی ئاگری ڕەنگدانەوەی باش و بەرچاوی هەبوو لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ئەرمەن کەبویە مایە ئیمزاکردنی پەیماننامە دوقۆڵیەکانی نێوانیان

ئەنجام

لەئـــەنجامی ئـــەم کورتـــە توێژینەوەیـــەدا گەشـــتینەوە ئـــەوەی کـــەبڵێین نەتـــەوەی کـورد و ئەرمـەن دوو نەتـەوەی ئـاری هینـدۆ ئـەوروەپاین و دوو نەتـــەوەی دۆســـت و هاوکـــاری یـــەك بوون،لەزۆریـــەی کـــات و قۆناغـــەکانی مێژوودا ئەمانـە دۆسـت و هاوکـار و هاوخـەمی یـەکتربوون و پیوەندیـەکی کۆمەلاّیەتی باشیان هەبووە،

بــەهۆی نزیکیــان لەیەکدیــەوە لەزۆربــەی زۆری ڕووداوەکــانی مێژوویانــدا هاوبەش و هاوئـازاربوون ئەمەشـە بوەتـە هـۆی ئـەوەی هـەردوولا بونەتـە خاوەن یەك چارەنوس و یەك هەست,لەسەردەمی دەوڵەتی مـادەوە بگـرە تاسەردەمەکانی بەدرخان پاشا و شێخ عوبەیدولاّ و شێخ سـەعیدی پـیران و کۆمەڵەی خۆیبون ئەمان هاوکاری یەك بوون و کوردەکان ئەرمەنەکانیان پاراستوە و لەمردن ڕزگاریان کردوون.

دەبێت ئـەوەش بخرێتـە ڕوو مەحاڵـە لەمێـژوودا دوونەتـەوەی هاوسـنور و دراوســێ هــیچ کــات ناخۆشــی شــەریان لەنێوانــدا نــەبوبێت و لەیــەکتریان نەکوشتبێت ئەمانیش بەهـەمان شـێوە دوچـاری ئـەوەبوون بـەلاّم ئەمانـە هیچی بەخواستی خۆیان نـەبوە بـەهۆی فـرت وفێـڵ و هانـدانی ناحـەزانی هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن بووە،بەلاّم خۆشبەختانە ئـەمان بـەهۆی کەسی سیاسی و شارەزایانی هـەردوولا هـەر زوو توانیـان ئاشـتی برایـەتی

لـەنێوان خۆیـان بچەسـپێنن و پشـت لەهـەموو ئـەو ناخۆشـیانە بکـەن کـە بـەفیتی دەوڵـەتی عوسمـانی توشـیان هـات, وەمێژوونوسـانی هـەردوولا شایەتی ئەم ڕاسیەن کە چۆن ئـەم دوو نەتەوەیـە ئاواتـەخوازی ئاشـتی و پێکـەوە ژیـانی دۆسـتانە بـوون، وەکەسـایەتی سیاسـی هـەردوولا وەك شەریف پاشا و بوغزنۆبارپاشا چۆن پێکەوە شان بەشانی یەکتر لەهـەوڵی بەدەسـت هێنـانی مافـەکانی ئـەم دوو نەتەوەیـەبوون پێکـەوە یادشـتیان پێشکەش بەکۆنگرەی ئاشتی پاریس دەکرد.

لەڕاستیدا کۆمەڵ کوژی ئەرمەن هەروا کـارێکی عەفـەوی لـەخۆوە نـەبووە بەڵکو ئەمـە پلانێکـی بەرنامـە بـۆ دارێـژراو بـوو هەرلەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیــدەوە هـــەتا دوای جـــەنگی یەکـــەمی جیهـــانی هـــەموو دەسەلاًتداران وەك ئایدیاوشاڕێگەیەك لەسەری دەڕۆشتن،سەر ئـەنجامیش مێژوونوسانی ئەرمەن ئەوەیان بۆ هەموو لایەك ڕوونکردوەتەوە کەوا کـورد بێلایەن و بێبەریە لە کۆمەڵکوژی و کوشتاری ئەرمـەن و ئـەموو ئەوتاوانـە قێزەونـە دەخەنـە ئەسـتۆی دەڵـەتی عوسمـانی سـوڵتانەکانی و سـەرانی ئیتحادوتەرەقی تورکی،سەرئەنجام ئەم دوو نەتەوەیە جارێك بەناوی ئـاین و جارێك بەناوە کورد بوون یان ئەرمەنی بوون دووچـاری مـاڵوێرانی بـوون جگەلــەوەش پەیوەنـدی وخاڵەهاوبەشــەکانیان زۆر لەخاڵـە ناکۆکیــەکان زیاترە.

ئەمە ڕاستی ئەو بابەتـەبوو کـەدەمێك بـوولای مـن گەلاڵـەبوو بـوو تـوانیم بەخوێندنەوەیەکی مێژوویانەو بەپشت بەستن بەڕای مێژوونوسانی بێلایەن و مێژوونوسـانی خـودی ئەرمەنـەکان بیسـەلمێنم کـە کـورد بێتاوانـە لەکوشـتاری ئەرمەنـەکان لـەو قەسـابخانەیە کەبەسـەر برائەرمەنـەکانیان هێنـاین ناوهێنـانی کـوردیش تـەنها ئـەوەبوو ئێمـەی کـورد بێهێـز و بێدەسـەڵات و خـاوەن کیـان نـەبووین لەمـەش ئاسـانتر نـەبوو بـۆ ئـەوان کەکوردی بێتاوانبار بکەن بەڵام ئەوان نـەیانزانی کـە نـەك مێـژوو نوسـانی کورد بەڵکو خودی مێژوونوسان و پیاوانی ئاینی ئەرمەنیش شایەتی ئـەوە دەدەن کە ئێمەی کورد زۆر بێتاوانین و دورین لـەو کۆمەڵکوژیـەی بەسـەر ئەواندا هاتووە.

پاشکۆ

شەریف پاشا　　بوغزنۆبارپاشا

نوێنەری کورد و ئەرمەن لەکۆنگرەی ئاشتی

نەخشەی کوردستان و ئەرمینیا

نوسەر لەچەند دێڕێکدا

*ئارام مەجید شەمێرانی
*لەدایك بووی ١٩٨٢/٥/٨ هەڵەبجەی شەهید
*قۆناغەکانی خوێندنی لەهەڵەبجەی شەهید تەواوکردووە
*دەرچووی زانکۆی سلێمانی بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان(٢٠٠٧–٢٠٠٨)
*خاوەنی چەندین وتار و توێژینەوە و بلأوکراوەیەلەنێو ڕۆژنامە وگۆڤار و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا
*بەرهەمی چاپکراوی نوسەر کتێبی(وشەوزاراوە)یە ساڵی ٢٠٠٩ بلأو کراوەتەوە
*بەرهەمی چاپکراوی نوسەر کتێبی چەردەیەك لەمێژووی عەشیرەتی شەمێران ٢٠١٤ بلأوکراوەتەوە
*پێشەکی و پێداچونەوەی بۆکتێبی(پەیوەندی سیاسی مستەفابارزانی و عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨–١٩٦٣)کردووە کەلەساڵی ٢٠١٣چاپکراوە